گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتى وكومەلناسى)، بپ 183-213، 2019
(ژمارەكا تايبەت)، سەنتەرێ ڤەكولينێن جينوسايدى، زانكويا دهوك

# پرۆسەی ڕاگواستن لە چوارچێوەی هێرشی بەشارستانی کردن دا دۆڵی ڕۆست وەکو نموونە

ئیبراهیم سادیق مەلازادە
بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆران هەرێمی، کوردستان-عێراق

*(مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤكرنێ: **30** كانوینا ئێكێ، **2019**)*

**پوختە**

لە دوای نسکۆی ١٩٧٥، زیاتر لە چوار هەزار گوند، ئاوەدانی و ناوچە کشتوکاڵییەکانی باشووری کوردستان تەقێندرانەوە و خاپوورکران، دانیشتوانەکەشی بەکۆمەڵ ڕاگوێزران بۆ کامپە زۆرەملێکان، بەمەبەستی لەکارخستن و سنووردارکردنی هەموو توانا ئابووری و کۆمەڵایەتی و لۆجستی و سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان. لەهەموو ڕووەکانەوە، هەوڵیان دا توانا ماددی و مەعنەوییەکانی خەڵك تاقەتپڕوکێن و سنووردار بکەن. لەو بارەیەشەوە، پاساوەکانی حیزبی بەعسی دەستەڵاتدار لە عێراق، کە ئەوکاتە لەژێر هەژموونی کەمینەی عەرەبی سوننەدا بوو، لەڕواڵەتەوە بەرنامەی "پەرەپێدانی باکووری عێراق" بوو بەڵام لەگەوهەردا، ئامادەکارییەکی دوژمنکارانە بوو بۆ کۆتاییهێنان بە پرسی کورد و تێکشکاندنی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان، لەڕێگای ئەنجامدانی پرۆسەی جینۆساید و شکاندنی شکۆی خەڵکی کوردستان و لەناوبردنییان بەچەندین شێوازی جیاوازەوە. بۆ ئەم مەبەستەش، بەعسییەکان ستراتیژیەتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان گرتەبەر، بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەهەموو جۆرە ئازادییەکی سیاسی، ئابووری و کولتوری.

لەو توێژینەوەیەدا، هەوڵ دراوە لە گەوهەری ئەو پرۆسەیە نزیك ببینەوە، لەڕێگای چوارچێوەیەکی تیۆری کە نۆربێرت ئەلیاس ناوی ناوە "هێرشی بەشارستانی کردن" بەمەبەستی دەسنیشانکردنی ئەو دیوە شاردراوانەی ئامانجەکانی بەعس و ڕەفتارەکانی وەکو کۆلۆنیالیستێکی ناوخۆییانە. بۆ ئەم مەبەستەش، وێڕای دۆکومێنت و بەڵگەنامەکانی بەعس لەوبارەیەوە، زیاتر لە چواردە ئینتەرڤیو لەگەڵ شاهیدحاڵەکانی کێڵگەی توێژینەوە ئەنجام دراون، بۆ ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەوە، دۆخی ئەوکاتەی خەڵك شرۆڤەبکرێت و ئەو ئەرگومێنتەش ڕوونبکەینەوە کە بەعسییەکان وەکو پاساوێك بەکارییان هێنا داخۆ هەر بەڕاستی پرۆسەی پەرەپێدانی باکووری عێراق ئەنجام درا، یاخود وێران و خاپوور کرا؟

**وشە کلیلییەکان**: جینۆساید، ڕاگواستن، کەمپی زۆرەملێ، هێرشی بەشارستانی کردن، حیزبی بەعس، باشووری کوردستان، عێراق.

**پێشەکی**

پرۆسەی ڕاگواستن لە باشووری کوردستان، کە خۆی لەچەندین قۆناغی جیاوازدا دەبینێتەوە، یەکێکە لە پرۆسە هەرە مەترسیدارەکان لەمێژووی خەڵکی باشووری کوردستان دا، کە حکومەتی عێراق بەڕێبەرێتی حیزبی بەعس گرتییە بەر. دیارە ئەو پرۆسەیە چەندین فۆرمی جیاوز لەخۆدەگرێت. لەوانەش؛

**فۆرمی یەکەم:** فۆرمی وڵات بەدەرکردن، یاخود ڕاگواستنییان بۆ دەرەوەی سنوورەکان. ئەم فۆرمە زیاتر تایبەت بوو بەو کوردە فەیلییانەی کە زۆربەیان لەبەغدا و شوێنەکانی دەوروبەر دەژیان. بەمانای ئەوەی لەقۆناغێ یەکەم، کە کوردە فەیلییەکان دیپۆرتکران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی عێراق و تەواوی موڵك وماڵەکانییان دەستی بەسەردا گیرا.

**فۆرمی دووەم:** ڕاگواستنی بەشێك لەو خەڵکانەی کە لەڕووی سیاسییەوە بەشداربوون لەبزووتنەوەی سیاسی کوردستان، یاخود لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز بەئامانج دەگیران و بەرەو ناوەڕاست و باشووری عێراق دیپۆرت کران، لەباردۆخێکی نەگونجاو و ناهەمواردا.

**فۆرمی سێیەم:** ڕاگواستنی زیاتر لە **4000** گوند و ئاوەدانی کوردنشین لەباشووری کوردستان لە دوای نسکۆی شۆرشی **1975**، بەرەو ئۆردوگا زۆرەملێکان و هێشتنەوەیان لەدۆخێکی سەخت و نالەباردا، وێڕای دابڕاندنییان لە پشتبەخۆبەستن لەڕووی ئابوریی و دانانییان لە ژینگە و کەشوهەوایەکی ناتەندروستدا.

**فۆرمی چوارەم:** ڕاگواستنی بەئامانجگیراوانی پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال و بردنییان بۆ کامپە داخراوەکان، بەمەبەستی ئامادەکردن و لەیەکجیاکردنەوەی ژن و پیاو و منداڵەکانییان و پاشان ڕاپێچکردنییان بەرەو چاڵەکانی مەرگ.

دیارە هەریەکێك لەو فۆرمانە، هۆکار و ئامانجی تایبەت بەخۆیان هەن و مەترسییەکانی هیچێك لەو فۆرمانە لەئەویدیکەیان کەمتر نین، بەڵام ئەنجامەکان و دەرهاوێشتەکانییان جیاوازن و شوێنەواری جیاوازییان لێ دەکەونەوە. هەر لەبەر ئەوەشە دەبێت توێژینەوە بەجیا لەوفۆرمانە بکرێت و ناکرێت هەموویان بخرێنە یەك تای تەرازووەوە. لەو توێژینەوەیەشدا هەر وامان کردووە و هەوڵمان داوە شرۆڤەی فۆرمی سێیەمی ڕاگواستن بکەین، بەڵکو لەوەش وردتر یەك ناوچەی دیاریکراو بەنموونە وەربگرین و دەرهاوێشتەکانی دەسنیشان بکەین، کە ئەو شوێنەش ناوچەی باڵەکایەتیی سەر بە پارێزگای هەولێرە، لەو ناوچەیەش بەدیاریکراوی دۆڵی ڕۆست، لەساڵی **1977** و بەرەو سەرەوە، بۆ چەندین ئۆردوگای جیاوازی زۆرەملێ ڕاگوێزران.

ئەو توێژینەوەیە دابەشدەکرێتە سەر پێنج بەشی گشتی. بەشی یەکەم؛ قسەکردن دەبێت لە ئیشکالییەت و گرنگی و ئامانجەکان و دەسنیشانکردنی چەمك و کۆنسێپتەکانی توێژینەوەکە. بەشی دووەم؛ قسە لەڕاگوستن دەکات، وێڕای کورتەیەکی مێژوویی و هۆکارەکانی ڕاگواستن. بەشی سێیەم؛ قسەکردن دەبێت لەسەر ڕێوشوێنی مەنهەجی توێژینەوەکە و لایەنی میتۆدۆلۆژی و ئەو بوارانەی کە ئەو توێژینەوەیە کاری لەسەر کردوون. بەشی چوارەم؛ خستنەڕوو و شرۆڤەکردنی ئەنجام و وردەکاریی داتایەکانە. بەشی پێنجەم و کۆتاییش پوختە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی سەرچاوەکانە.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە**

**یەکەم: دەستنیسانکردنی گرفتی توێژینەوەکە:**

ڕاگواستن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، پرۆسەیەکی ڕیشەدارە، نەتەوە و دەستەڵاتە هەژموونداراکان، بەشێوەیەکی بەردەوام لەچوارچێوەی 'بنیاکردنی نەتەوەدا' یا لەپێناو هەژموونی گروپێك یا دەسەلاتێك' ویستوویانە یەك جۆر ڕەنگ و مۆدێل بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەدا بسەپێنن کە فەرمانڕەوایەتیان کردوون، بێ گوێدانە فرەیی نەتەوەیی، ئیتنیکی یا ئاینی. بۆ ئەم مەبەستەش پێڕەویان لە چەندین پرۆسەی جیاواز و هەمەجۆر کردووە و تراژیدیای گەورەیان بەسەر کۆمەڵگای مرۆییدا هێناون. یەکێك لەو پرۆسانەی کە بەوردی و لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی بیرۆکراسیانەدا گیراونەتە بەر، ڕاگواستنی سەدان لادێ و شار و شارۆچکەی باشووری کوردستان بوون لەدوای نسکۆی **1975**، لەژێر چەندین مۆتیف و پاساوی جیاوازدا، یەکێك لەو مۆتیڤانەش بەشارستانیکردنی ئەو کەس و گروپانە بوو کە لە ئاوەدانی و گوند و لادێ شاخاویەکاندا دەژیان. لەو پێناوەشدا دەستەڵاتی هەژمووندراری ئەوکاتەی بەغدا لە عێراق چەندین میتۆدی جیاوازی بۆ ڕاگواستن و تێکدانی ڕووبەرێکی فراوانی گوندنشین و کشتوکاڵی، وێران و خاپوور کرد، بێجگە لەوەی کە مرۆڤەکان لەشوێنی خۆیان دوورخرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان. هەر لەدرێژەی پرۆسەی ڕاگواستندا، لەچوارچێوەی فۆرمە جیاوازکانیدا، لەدوای ڕاگواستن و وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکان، ڕێژەیەکی زۆریش خەڵك بۆ ناوەڕاست و باکووری عێراق گوازرانەوە، پاشان لەهەڵمەتێکی ڕاگواستنی گەورەدا، کە لە بەیاننامەی جەزائیریش ئاماژەی پێکراوە، بەدرێژایی سنوورە هاوبەشەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیا و سوریادا ( **Kirmanj** **S.,** **2013**)، خەڵکی گوندەکان ڕاگوێزران و هەرچی ئاژەڵ و دارو درەخت و ڕووەك و سەرچاوەی ئاوی و شوێنەوارە گرنگەکان و خانووبەرەی ئەو ناوچانە هەبوو، تەقێنرانەوە و بەیەکجاری لەگەڵ زەوی تەختکران و سوتماك کران.

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

سیاسەتی ڕاگواستن و سوتماککردنی سروشتی کوردستان لەدوای نسکۆی **1975** یەکێك بوو لە ترسناك ترین ئەو پرۆسانەی کە دەستەلاتی ئەوسای حکومەتی عێراق پەنای بۆ برد. لەگەڵ ئەوەی کە شاڵاوەکانی ئەنفال، دوا قۆناغی پرۆسەیەکی درێژخایەن بوو، بەلام ڕاگواستن یەکێك بوو لە قۆناغە مەترسیدارەکانی کە دەکرێت سەرەتایەك بێت بۆ پرۆسەی جینۆساید. لەو ڕووەشەوە، کەمتر جەخت لەسەر پرۆسەی ڕاگواستن کراوەتەوە و کاری لەسەر کراوە بە بەراورد لەگەڵ شاڵاوەکانی ئەنفال. مەگەر، لەدووتوێی باسکردن لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ئاماژەی پیکرابێت و چەند پەرەگرافێکی لەبارەوە نوسرابن، وەکو نموونەیەك بۆ زوڵم و زۆری حکومەتی عێراق. لێرەدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لە ڕاگواستن لەسەر دوو ئاستدا؛

**ئاستی یەکەم:** زانین و شرۆڤەکردنی ئەو ئاکامە مەترسیدارانەی کە دوای ڕاگواستن دروستبوون، لەڕووی فیزیکی و سایکۆلۆژییەوە.

**ئاستی دووەم:** بەراوردکردنی ژیانی گوند و ئۆردوگا زۆرەملێکان لەڕێی دواندن و قسەکردن لەگەڵ شایەدحاڵەکان و ئەو قوربانییانەی کە وەبەر هەڵمەتی ڕاگواستن کەوتن.

دیارە، لەو ڕێگایەشەوە، بەدۆکومێنتکردنی لایەنی زارەکی قوربانییەکان و زانینی ئەو ڕەوشەی کە قوربانییەکان لەسات و کاتی ڕاگواستندا پێیدا تێپەڕ بوون لەچوارچێوەی هەڵومەرجە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانەوە. وێڕای پیشاندانی مەترسی ڕاگواستن لەسەر دانیشتوانی کورد لە باشووری

کوردستان وەکو قۆناغێکی ئامادەکاری و زەمینەسازی بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال و تەواوی ئەو هێرشانەی سوپای عێراق دژ بە خەڵکی باشووری کوردستان، ئەنجامی دان.

ئەوەش گرنگە بزانین کە ڕاگواستنی گوندەکان هەر گواستنەوەی مرۆڤەکان نەبوو بۆ شوێنێکی دی، بەڵکو دەستنیشانکردنی تەواوی ئەو زیانانەی کە بەر ئەو ناوچانە کەوتن لەڕووی جیۆسیاسی، ئابووری، کولتوری و مرۆییەوە؛

بۆیە گرنگی ئەو توێژینەوە لەوەدایە کە کێشەی ڕاگواستن جارێکی دی وەکو مەترسیدارترین میتۆد بۆ لەناوبردن دێنێتەوە بەر باس و جارێکی دی ئاوەدانکردنەوە دەبێ وەکو پرۆسەیەکی ورد و گرنگ بەدواداچوونی بۆ بکرێت لەپێناو بەهێزبوونەوەی ستراکتۆری کۆمەڵگای کوردی لەهەموو ڕووەکانەوە، بەتایبەتیش ڕەهەندە مێژوویی و ئەو دەلالەتانەی کە لەو ڕەهەندەدا هەن، بێجگە لەوەش ئەکتیڤ کردنەوە و دارشتنەوەی بواری کشتوکاڵ و ئاودێری و گەشتیاری لە باشووری کوردستان؛

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت چەند ئامانجێك بەدەست بێنێت، لەوانەش:

**1.** وەستان لەسەر مەترسی ئەو پرۆسەیە وەکو یەکێك لە ترسناك ترین قۆناغەکانی جینۆسیاد

**2.** دەستنیشانکردنی تێروانینی توێژەران لەو بوارەدا و ئەو پرۆسانەش کە لەو بارەیەوە گیراونەتە بەر.

**3.** زانینی کاریگەریەکانی ئەو پرۆسەیە لەسەر ئایندەی گەلی کورد لەڕووی کۆمەلایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژی و ئابووریەوە.

**4.** زانینی ئامانجەکانی حکومەتی پێشووی عێراق بەڕێبەرێتی حیزبی بەعس و سەلماندن یا ڕەدکردنەوەی ئەو پاساوانەی کە لەپێناو ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە ڕادەگەیەنران؛

**5.** دەستنیشانکردنی هەندێك پێشنیاز و ڕێنوێنی بەمەبەستی نەهێشتنی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو پرۆسەیە؛

**چوارەم: دەستنیشانکردنی چەمك و کۆنسێپتە زانستیەکان**

**1. لادێ وەکو کۆنترین نشینگەی مرۆیی:**

لە زمانی کوردیدا چەند چەمکێك هەن وەکو ناو بۆ ئەو کۆمەڵگایانە بەکاردێن کە دەکەونە دەرەوەی شار، یا دەکەونە دەشت و پێ دەشت و ناوشاخەکانەوە. لەوانەش "گوند" یان "دێ" و "لادێ". لەوانەیە "گوند" و "دێ" هەمان مانا و ناوەرۆك بدەن بە دەستەوە، بەلام لە پێکهاتەی وشەکەدا وایپێدەچێت "لادێ" بچوکتر بێت لە "دێ" چ لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە یا لەڕووی "ڕووبەر و گرنگی ناوچەکە. لەوانەشە "لادێ" ڕێك بەرامبەر بێت بۆ "**hamlet**"ی ئینگلیزی کە لە "**village**" بچوکترە. "گوند" بریتیە لەو ناوچانەی کە بە کشتوکاڵ وماڵیاتەوە خەریکن. ئەم ئاوەدانیانە ڕەهەندێکی گرنگ و ڕەسەنی شارەکانن، بەو مانایەی ڕەهەندی شار لە هەموو دۆخێکدا تەنها گوندنشین و دەشت و شاخەکانن سەبارەت بە کوردستانەوە.

گوند لە سەرچاوە جیاوازەکاندا بە چەندین شێوە پێناسە کراوە. لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد گوند وەها پێناسە کراوە: کۆمەڵێك ماڵ و خانووی بەیەکەوە لکاون، لە "هاملێت" گەورە ترە و لە "تاون" بچوکترە و دەکەوێتە ئەو ناوچانەی کە بە ناوچەی کشتوکاڵی "**rural**" ناسراوە. دەشتوانرێت "**rural**" بەو ناوچانە بگوترێت کە دەکەونە دەرەوەی شارەکان. لە سەرژمێری **2001** ی باشووری ئەفریکادا گوند "ئەو ناوچانەن کە ناچنە چوارچێوەی ناوچە شارستانیەکان. ئەو ناوچە گوندنشینانەش دابەش دەبنە سەر ناوچەی خێڵەکی و کشتوکاڵی و بازرگانی" (**Census 2001:16**). هەروەها لە ڕاپۆرتێکی زانکۆی کاردیفدا باس لە

گوندە شارستانیەکان دەکات. بێگومان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەتایبەتیش لە ڕۆژئاوا، لە هەموو ڕووە کۆمەڵایەتی، ئابووری، جیوسیاسی، هاتووچۆ و تادواییدا جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان گوند و شاردا نەماوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتەی زانکۆی کاردیف "گوندی شارستانی بەزۆری دەکەونە ناوچە شارستانیەکان، بە گشتی دەکەونە ناوخۆی ناوچە شارستانیەکانەوە. ئەم خانوانە لەسەر ئەو زەویانە بیناکراون کە دەکەونە نێوان شارەکانەوە". ( M. Biddulph, B. Franklin & M. Tait: 2002:7).

مۆرێل پێی وایە پێناسەکردن و بەراوردکاری ناوچە گوندنشینەکان ئاسان نیە. ئەو دەڵێت "زۆربەی زانایانی گوندناسی لەو ڕۆژانەدا کۆکن لەسەر ئەوەی کە گوندەکان بەشێوەیەکی کۆمەلایەتییانە بیناکراون، لەگەڵ جیاوازیەکی زۆری نێوان ئەو تایبەتمەندییانەی کە گوندەکان لە ولاتەکان و شوێنی جیاوازەکانی دونیادا هەیانە" (Morell I. 2008:17).

بەگوێرەی کتێبی "علم الاجتماع الريفي"، "لوری نلسن" کۆمەڵگای لادێیی "لەو شوێنانە پێك دێت کە پلەی ئینتیمای، پەیوەندیە تایبەتیە نافەرمیەکانی تیادا بەرزە، هەروەها کشتوکاڵ پیشەی بنەڕەتی دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە" ( Dr. A. Hubaib, Dr. N. Sadulla, Dr. A. Sukri, Dr. M. Jawhari & Dr. M. Alhaqlabi 2009:78). کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە جیاوازییەکی زۆر لە سروشتی گوندنشینی کوردەواری و ڕۆژئاواییدا هەیە، بۆیە دەتوانین جیاوازییەکی زۆر لەڕووەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیەوە بەدی بکەین. زۆربەی توێژەرەکان هێندەی گرنگی بە پێناسەی وەرزێر دەدەن هێندە بە گوند نادەن، لەوانەشە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە جیاوازیەکان لە ولاتە ڕۆژئاواییەکاندا هێندەی لە سروشتی کەسەکان دایە هێندە لە سرووستی گوند و شاردا نیە، چونکە تەکنۆلۆژیا ئەو جیاوازیانەی بەتەواوەتی سڕیونەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە سۆسیۆلۆژیا زیاتر گرنگی بە لایەنی کۆمەڵایەتی گوندەکان دەدا تا لایەنی کشتوکاڵی. دیارە بەهۆی گرنگی سۆسیۆلۆژیای گوند زۆربەی زانکۆکانی جیهان بەشێکی تایبەتیان بەو زانستەوە هەیە و گرنگی پێ دەدەن. دکتۆر موحەمەد مونیر زەلاقی زانکۆی ئەسکەندەریە دەڵێت "زانستی کۆمەڵگای گوند بەشێکە لە زانستی ئیمپیریك کە توێژینەوە لەسەر کۆمەڵگای گوند دەکات، واتە بیناکردنی کۆمەلایەتییانەی گوند..." ( Dr. M. Jami, 2009:7).

لەو پێودانگەشەوە گرنگی گوند نەك هەر لەشار کەمتر نیە، بەڵکو شار بەبێ گوند هیچ مانایەکی نامێنێت و یەکێك لە گرنگترین ڕەهەندەکانی لەدەست دەدات، چونکە گوند، لەڕووی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی بەردەوام پشتیوانی لە شار دەکات، بەتایبەتیش لەڕێی بەروبوومی کشتوکاڵی، سیاسی، کۆمەلایەتی، مێژوویی و جوگرافییەوە. لەکۆی ئەم لێکدانەوانەشەوە دەتوانین بڵێین کە گوندی کوردەواری یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی گوند تا هەنوکەش زیاتر زاڵن بەسەر مرۆڤی کورددا تا تایبەتمەندییەکانی شار. ئا لێرەشەوە مەترسی ڕاگواستنی کۆمەڵگای گوند بۆ شوێنی دی بەدەر دەکەوێت.

دواتێبینیش لەوبارەیەوە، دەربارەی گوندەکان لەساڵانی **1975** تا **1988**، لەزۆر ڕووەوە لەواقیعی ئەمڕۆی گوندەکان جیاواز بوون، لەوانەش؛ ڕێژەیەکی زۆر لە گوندەکان، بەتایبەتیش دۆڵی ڕۆست لەو سەردەمەدا ئۆتۆمبێلی پێ نەدەگەیشت و تەنها بەڕێگای پیادە بەیەکەوە بەسترابوونەوە. هەروەها، لەڕووی ئیدارییەوە، تەواوی دۆڵی ڕۆست بە شارۆچکەی گەلاڵەوە بەسترابووەوە، بەلام ئێستا

سمیلان وەکو ناحیە و ناوەندی دۆڵی ڕۆست تەماشا دەکرێت، کە نزیکەی دوو سەعات و نیوێك بەپێ لە لەرێگای سەرەکی هامیلتۆنەوە[1] دوورە. بەڵام بەرلە ڕاگواستن، بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ پرۆسەی ڕاگواستن، حکومەتی عێراق جاددەیەکی سەربازی بۆ ئەو ناوچانە لێدا و بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئەو ناوچەیەدا، ئیڤا سەربازییەکان توانییان بگەنە گوندی گرتك [2].

## 2. ڕاگواستن

ڕاگواستن یەکێکە لەو فۆرمە دوژمنکارییانەی کە هەمیشە لایەنێکی هەژموونداروەکو چەکێك لەدژی پێکهاتەیەکی هەژموون لەسەرکراو بەکاری هێناوە، لەپێناو چەندین ئامانجی جیاواز، یەکێکیش لەو ئامانجانە دەچێتە خانەی پاکتاوکردنی ئیتنی (ethnic cleansing)، بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی خاك، یا دوورخستنەوەی مەترسی ئەو پێکهاتەیە لەسەر گروپی هەژموواندار. ئەم چەکە، لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بەشێوەیەکی سیستماتیك لەدژی پێکهاتەی کورد بەکارهێندراوە ( Kirmanj S., 2013).

بەپێی پێناسەی ماڵپەری "بانکی نێودەوڵەتی" ڕاگواستن ئاماژەیە بۆ ئەو دۆخەی کە خەڵك ناچار دەکرێن ماڵ و حاڵ و ناوچەی نیشتەجێبوونی خۆیان بەجێ بێڵن، یا ڕا بکەن، بەهۆی جەنگ، توندوتیژی، چەوساندنەوە و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ، یاخود وەکو پرۆسەیەکی پاکتاوی ڕەگەزی. لێرەدا دوو جۆر ڕاگواستنی بەزۆر هەن، ئەوانیش

یەکەم: پەنابەرێتی (refugees) و

دووەم: ئاوارەبوونی ناوخۆیی" ( internally displaced people (IDPs)، ( W. Bank,2013).

هەروەها پەیوەندی نێودەوڵەتی بۆ توێژینەوەی ڕاگواستنی بە زۆر (IASFM) و پەنابەری بەزۆری ئۆنلاین (FMO)، وەسفی ڕاگواستن دەکەن بەوەی کە "چەمکێکی گشتیە، ئاماژەیە بۆ جموجۆڵی پەنابەران و ئەوانەش کە لەناوخۆی وڵات ماڵی خۆیان بەجێ دێڵن، بەهۆی جەنگەوە" ( IASFM, 2013.

بەڵام لەو پێناسانەدا، باس لەو شێوازە نەکراوە، کە دەستەڵاتێك لەرێی پرۆسەیەکی تایبەت و مەبەستدارەوە هەوڵ دەدات پێکهاتەیەك لەناوچەکانی خۆیانەوە دوور بخرێنەوە. وێڕای ئەوەش دەکرێت ڕاگواستن یەکێك بێت لە قۆناغەکانی پرۆسەی جینۆساید. ئەم قۆناغە کۆمەڵێك ئامانجی جیاوازی لە پشتەوەن، لەوانەش: زەمینەسازی بۆ ڕاگواستنی کۆتایی لە ئۆردوگا زۆرەملێکانەوە بۆ ناوچەی دی، وەکو ئەوەی لە کوردستاندا ڕووی دا. ئەوەی لەکوردستان ڕووی دا سەبارەت بە بەشێك لە پێکهاتەی کورد، پەیوەندی بە جەنگەوە نەبوو. کوردە فەیلییەکان وڵاتبەدەرکران، بەمۆتیڤی سیاسی و دوورخستنەوەی توانا و دەستەڵاتی کوردە فەیلییەکان لەواقیعی عێراق، کە بەشێکی پەیوەندی بەبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە هەبوو. هەروەها ڕاگواستنی دوای نسکۆی 1975 پرۆسەیەکی تایبەتی پلاندار بوو و بەشێك بوو لە ڕێککەوتنی جەزائیر (Högbladh, S. (2011). ئەوکاتە لەهیچ شوێنێکی عێراق بەتایبەتیش لە کوردستان شەڕ و ئاژاوە نەمابوو. ڕاگواستنی بارزانییەکان لەناو کەمپە ئارامەکان کە دوور و نزیك پەیوەندییان بە زۆنەکانی جەنگەوە نەبوو.

## 3. پەیوەندی نێوان ڕاگواستن و جینۆساید

گرنگە بزانین داخۆ هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ڕاگواستنی زۆرەملێ و تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە، یان نا، کە یەکێکیش لەو تاوانانە؛ جینۆسایدە؟ لەوبارەیەوە ئاماژەی زۆر هەن، بەتایبەتیش قۆناغی ڕاگواستن لەزۆرێك لە پرۆسەکانی جینۆساید پەیوەندی بە چەمکی

"ئامادەکردنەوە" هەیە، کە قۆناغێکی پێش لەنابردنی فیزیکی بەئامانجگیراوانە کاتێك دەگوازرێنەوە بۆ کەمپی تایبەت. تاوانی هۆلۆکۆست نموونەیەکی زەقە لەو بارەیەوە، هەروەها لەکوردستانیش جینۆسایدی کوردانی فەیلی و بارزانییەکان. بەڵام ئایا ڕاگواستنی زۆرەملێ و ئاخنینی خەڵك بەزۆری لەئۆردوگا زۆرەملێکان دەکرێت وەکو تاوانێکی نێودەوڵەتی بەتایبەتیش جینۆساید تەماشای بکرێت؟

بۆیە، دەبێ پێناسەیەکی دی تایبەت بە ڕاگواستنی مەبەستدار وەکو یەکێك لە قۆناغەکانی جینۆساید هەبێت و لە ڕاگواستن بەهۆکارەکانی جەنگ لەسەر هەردوو ئاستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان جیا بکرێتەوە. لەسەر ئاستێکی گشتی، "دەکرێت پاکتاوی ڕەگەزی بریتی بێت لە دەرکردنی دانیشتوانی "نەخوازراو"، لە هەرێمێکی تایبەتەوە بەهۆکاری جیاکاری ئاینی، ئیتنی، یا خواستە سیاسییەکان، یا ستراتیژییەکان یاخود ئایدیۆلۆژیایەك یا تێکەڵەیەك لە هەموویان" (**Bell_Fialkoff, A., 2009**). ئەم پێناسەیە لەسەر دوو ئاست گرنگە، یەکەمییان ئەگەر بتوانین ڕەگەکانی لەناو پێناسەی ڕەسمی "پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسیاد" دا بدۆزینەوە. دووەمیش؛ ئەگەر بتوانین ڕەگوڕیشەکانی مەبەست یا نیەتی ئەنجامدەر لەو تاوانەدا بدۆزینەوە.

سەبارەت بە پێناسەی "پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسیاد" کە لە ساڵی **1948** بڕیاری لەسەر دراوە، جینۆساید هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە کە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك، لە نەتەوەیەك، گروپێکی ئیتنی، ڕەگەزێك یا گروپێکی ئاینی ئەنجام دەدرێن، لەڕێگای:

1. کوشتنی ئەندامانی گروپەکە
2. دروستکردنی هەر هۆکارێکی جیددی جەستەیی یا ئەقڵی بۆ ئەندامانی گروپەکە؛
3. بە ئەنقەست تەواوی گروپێك یا بەشێکی گروپێك بخرێنە بارودۆخێکی سەخت بە مەبەستی لەناوبردنیان لەڕووی فیزیکییەوە.
4. سەپاندنی چەند ڕێوشوێنێك بە ئامانجی ڕێگرتن لە خستنەوەی منداڵ لەناو گروپەکەدا؛
5. ئینجا گواستنەوەی منداڵانی گروپێك بە زۆری بۆ گروپێکی دی (**UNGA 1948:1**).

لەو پێناسەیەدا، خاڵی دووەم، ڕاگواستنی زۆرەملێ بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین هۆکاری جیددی جەستەیی یا ئەقڵی بۆ ئەندامانی گروپەکە، بەڵام لەم ڕووەوە پێویستمان بە توێژینەوەی ورد و گشتگیرتر و بە داتای ورد هەن، داخۆ خودی ڕاگواستنەکە چ جۆرە بارودۆخێکی لەسەر ڕاگوێزراوان دروست کرد، کە لەو توێژینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بەشێك لەو داتایانە بەوردی بخەینە ڕوو. هەروەها، سێیەم خاڵ لە ڕێککەوتننامەکەدا، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو بە ئەنقەست تەواوی گروپێك یابەشێکی گروپێك بخرێنە بارودۆخێکی سەخت بەمەبەستی لەناوبردنییان لەڕووی فیزیکییەوە. ئایا حکومەتی عێراق ئەو خەڵکەی بەئامانجی لەناوبردنی فیزیکی ڕاگواستن؟ لێرەدا پێویستمان بە زانینی نیەتی حکومەتی عێراق هەیە داخۆ ئەو خەڵکەی بۆ ڕاگواستن؟

هەڵبەت لە هەڵمەتی دووەمی ڕاگواستن کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە دەستی پێکرد، چەندین بەڵگە و ئاماژەی ڕوون هەن لەسەر نیەتی حکومەتی عێراق بۆ جینۆساید، کە ئەو ڕاگواستنە بەشێك بووله خۆئامادەکردن بۆ لەناوبردنی فیزیکی. ژمارەی کەمپە کاتییەکان زیاتر لە **9** کەمپ بوون لە تەواوی عێراق کە بیرتیبوون لە "ئەلسەلامییە، تۆبزاوە، نوگرە سەلمان، قەڵای نزارکێ، ئەبو غرێب، دوبس، کامپی سەربازی

خاليد و يوسيە (Mzuri, 2011:15). لەو كەمپانە ژن و پياو و منداڵەكان جيا دەكرانەوە و پاشان بەرەو چاڵەكانی مەرگ بەرێ دەكران ( Kirmanj, 2013:20/21). بەڵام دۆزينەوەی ئەو مەبەستە لە ڕاگواستنی ساڵانی حەفتاكان پێويستی بە داتا و سەلماندن هەيە.

دیارە كە ڕاگواستنی زۆرەملێ تائاستێكی زۆر گرنگی پێدراوە. داواكاری گشتی لەدادگای تايبەت بە يوگۆسلافيا، لەپێناسەكردنيدا بۆ ڕاگواستن دەڵێت: "ئاوارەكردنی زۆرەملێی خەڵكی مەدەنی لەو ناوچانەی كە بەشێوەيەكی قانونی تيايدا دەژين، بەبێ هيچ هۆكارێك و بێ ئەوەی قانونی نێودەوڵەتی ڕێگای پێبدات" ( UN. 2001:521). هەروەها لە چوارچێوەی دادگايیكردنی كاراديچ و ملاديچ، لەماددەی 61 دا دەڵێت: "دادگای تاوانی نێودەوڵەتی يوگوسلافيای پێشوو باس لەوە دەكات كە ڕەفتاری ڕەق و ئازاردان و دەستدرێژی و ڕاگواستن، دەكرێت زيانێكی جەستەيی و ئەقڵی ترسناك لەسەر تاكەكانی گروپەكە دروست بكات و بكەوێتە ژێر تاوانی جينۆسايد" (UN. 2001:521). بەو پێيەش كە لەپێشەوە لەپێناسەی "پەيماننامەی نەتەوە يەكگرتووەكان بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جينۆسياد" و لە برگەی دووەم باسم كرد، ئەو ڕاگواستنە سيستماتيكەی لە ناوەڕاستی حەفتاكان، دوای نسكۆی 1975 دەستی پێكرد، دەكرێت بچێتە قالبی يەكێك لە تاوانە نێودەوڵەتييەكان.

### بەشی دووەم: پرۆسەی ڕاگواستن لە چوارچێوەی هێرشی بەشارستانی كردن دا؟

#### يەكەم: كورتەيەك لەسەر پرۆسەی ڕاگواستن

پرۆسەی ڕاگواستنی زۆرەملێ لە زۆر شوێنی دونيادا، لە چەندين فۆرمی جياوازدا، وەكو يەكێك لەتاوانە نێودەوڵەتييەكان ياخود پاكتاوی ڕەگەزی، پێڕەوی لێكراوە. نەتەوەی كورد لە باكووری كوردستان، بەدرێژايی دەستەڵاتی عوسمانی، پاشان لەسەردەمی دەوڵەت . نەتەوەی توركيدا، پرۆسەی ديپۆرتكردنی كورد بە مۆتيفی جياوازەوە بەردەوام بووە. ئەوەتا بەپێی ئەحكامەكانی قانونی 1178، لە ئەنجامی هەرەسی شۆرشی شێخ سەعيدی پيران، كوردەكان بە ڕێژەی جياواز و لە شوێنی جياوازەوە بەتايبەتيش لە شاری ئامەد و بايەزيد گوازراونەتەوە بۆ شارەكانی ڕۆژئاوای توركيا، يەكێكيش لەو شارانە ئيزمير بوو ( J. Jongerden, 2007: 178). هەروەها كرێين برۆك لە كتێبەكەيدا بەناوی (كوردەكان) زۆر بە وردی باس لەو ديپۆرتكردنە بە مۆتيفی سياسی دەكات، بەتايبەتی لە توركيا كە بەدرێژايی سەدەی بيستەم بەردەوام بووە، بەتايبەتيش لە 1920 تا 1930 ڕێژەيەكی زۆر ديپۆرت كراون، ( P. G. Kreyenbroek, S. Sperl, 1992:47). بێگومان شاری دێرسيميش پشكی شێری لەو ديپۆرتكردنانە بەبەر دەكەوێت. هەمووو ئەم ديپۆرتكردنانە مۆتيفی سياسی و ئەمنيان لە پشت بووە. نموونەی ڕاگواستنی بەشێك لە كورد بۆ ناوچەی خوراسان و ڕاگواستنی ژمارەيەكی زۆريش لە ڕۆژاوای كوردستان لەچوارچێوەی دامەزراندنی پشتێنەی بەعەرەبكردن، بەشێكە لەو سياسەتە.

لە ئەڵمانيا، چيرۆكی نازيەكان و ديپۆرتكردنی جووەكان و كەمايەتيە دينی و ئيتنيەكان و قايمكردنيان لە كەمپەكان هێشتا لە بير مرۆڤايەتی نەچوونەتەوە، بەڵام بێگومان مەبەست لەم ديپۆرتكردنانە لەناوبردن بووە، نەك ئەو فۆرمەی كە دەكەوێتە چوارچێوە هێرشی بەشارستانی كردن. پرۆسەی ديپۆرتكردن بە مەبەستی پاكتاوكردن لە بۆسنە و هێرزەگۆڤين، ڕواندا، دارفور و كۆسۆڤاش هەر هەمان دۆخی ئەڵمانيا بووە.

ئەوەی لەکوردستانیش لەناوەڕاستی هەشتاکان ڕوویدا هەر هەمان فۆرمی جینۆسایدە.

دیپۆرتکردن لە ناوچە کوردیەکانی باشووری کوردستان ڕەهەندی میژوویی قوڵی هەن، بەتایبەتیش لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان کورد و عەرەب. بەپێی ژمارەیەکی زۆر بەڵگەی هەمەجۆرەوە دیپۆرتکردن لەکەرکوك و دیالی و زۆر ناوچەی دی لە مێژەوە پێڕەوی لێ کراوە و عەرەبەکان هێنراون لە شوێنی کوردەکان نیشتەجێکراون. زۆرێك لەو کاروکردەوانە بە قانون و ڕێنوێنی و ڕێوشوێنی جیاوازەوە ئەنجام دراون!. لە **1969** تا **1972** هەڵمەتێکی گەورە کرایە سەر کوردە فەیلیەکان و حەفتا هەزار کەس بەرەو ئەودیو سنوورەکان دیپۆرت کران، پاشان لە دووەمین هەڵمەتدا لەساڵی **1980**، **120** هەزار کوردی دیکە، بەرەو ئەودیوی سنوورەکان دیپۆرت کران (سورمێ، **2005:104**).

پرۆسەی دیپۆرتکردن و دووبارە نیشتەجێکردنەوە، کە بەعس ناوی نابوو (اعادة توطین) لەو کەمپانەی کە حکومەتی عێراق بەپێی نەخشەیەکی تایبەت و پلاندار دروستی کردن و ناوی لێنان کۆمەڵگا هاوچەرخەکان (مجمعات عصرية)، لە **1976** بە پانتایی (**10ـ15**) مایل بەدرێژایی سنووری عێراق، ئێران و سوریا، دەستی پێکرد.

یەکێك لەو ناوچانەی کە پشکی شێری بەرکەوت ناوچەی باڵەکایەتی بوو. باڵەکایەتی کە زیاتر لە (**38**) گوند و قەزا و ناحیە لەخۆدەگرێت، کەوتە ژێر ئەو هێرشە و زیانێکی گەورە هەم بە مرۆڤەکان و هەمیش بە ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان گەیشت[3].

### دووەم: پرۆسەی هێرشی بە شارستانی کردن (Civilizing offensives)

پرۆسەی هێرشی بەشارستانی کردن، چوارچێوەیەکی تیۆری گرنگە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی ڕاگواستن، وەکو پێوەرێك و لێکدانەوەی پرۆسەکە لەو چوارچێوە تیۆرییەدا. دیارە، چوارچێوەی بنەڕەتیی ئەو چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرییە فراوانەکەی "پرۆسەی بەشارستانیکردن" کە کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی نۆربێرت ئەلیاس دایهێناوە و "لەکارەکانی ئەوەوە هەڵێنجدراوە" (**Powell, R. (2013)**).

پوختەی بیرۆکەی ئەو تیۆرییە خۆی لە دوو دیودا دەنوێنێت، دیوێکی دیار و دیوێکی شاردراوە، لەچوارچێوەی پلانێکی تۆکمەدا، کەپێشتر هەموو پایەکانی دیاریکراون. دیوەدیارەکەی ئامانجی بەشارستانیکردنە، پلانێکە لەخزمەت قوربانییەکان دایە، هەنگاوێکە لەپێناو ئەوان. بەڵام دیوە شاردراوەکەی، پیلانێکە لەپێناو گۆڕانگارییەکی بنەڕەتی مەترسیدار، بەدوای گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە چارەنوسی قوربانییەکاندا دەگەڕێت، چارەنوسێك کە سروشتی قوربانییەکان بەئاڕاستەیەکدا دەبات، کە لەکۆتاییدا خزمەت بە ئەنجامدەری پیلانەکە دەکات. لەو ڕووەشەوە، ئاماندا ڕوهۆڵف لە توێژینەوەیەکی خۆیدا لەسەر تیۆری پرۆسەی بە شارستانیکردنیکردندا، پرۆسەی هێرشی بەشارستانی کردن پێناسە دەکات بەوەی: "هەوڵدانێکی دوژمنکارانەیە (بەڵام مەرج نیە سەرکەوتوو بێت) لەلایەن ئەو خەڵکانەی کە خۆیان بەلاوە شارستانیە، بۆ پەرەپێدانی ڕێکار و مۆراڵی ئەو خەڵکانەی کە بە "کەمتر شارستانی" یا "بەربەری" دەژمێردرێن" (ئاماندا ڕوهۆڵف، ٢٠١٠). ئەوەش مانای وایە، ئەنجامدەر پێی وایە بەئامانجگیراوەکان شارسانی نین، یا کەمتر شارستانین، لەپێناو ئەوەی بەشارستانی بکرێن دەبێ لەو شوێنانە بیانگوازێتەوە بۆ شوێنی دیکە و نزیك لەخۆیان بن. ئەمە دیوە ئاشکراکەیە کە لەدیوە شاردراوەکەش ترسناك ترە.

بە شارستانیکردن لە دیدی گەلانی سەردەستەوە، یەکێکە لە پێویستیەکان و

ژمارەیەك ئامانجی لە پشتەوەن. حیزبی بەعس، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، لە فۆرمێكی كولتوری باڵادا دەبینی، وەكو بەشێك لە شارستانیەتی عەرەبی، بۆیە لەڕوانگەی بەعسییەكانەوە، هەموو ئەوانەی لە نیشتمانی عەرەبیدا دەژین و عەرەبیش نین، هاوچارەنوسن لەگەڵ عەرەبەكان و دەبێت هەڵگری هەمان ئەو كولتورە بن كە عەرەب هەیەتی، چونكە كولتورێكی باڵایە و تێكەهەڵكێشە لەگەڵ ئیسلام. زیاد لەوەش، بۆ ئەوەی لەڕووی ئەمنییەوە سەقامگیر بن، ئەمەش مانای وایە لەڕووی ئەمنییەوە غەیرە عەرەبەكان جێگای متمانە نین و دەبێ بەشارستانی بكرێن یا بەمانایەكی دیكە (تەعریب) بكرێن. هەركەسێكیش، بەپێی دەستوری بەعس كە لە **1947** ڕاگەیەندرا، كە لەو فۆرمەدا دەردەچن، لەگەڵ ئامانجەكانی عروبەدا یەك ناگرنەوە و لە نیشتمانی عەرەبیشدا دەژین، دەبێ وەدەربنرێن و دووربخرێنەوە (دەستوری بەعس، **1947**).

لێرەدا، ئەوەی گرنگە بەوردی تێبینی بكرێت كارێكی وردی توێژەری هۆڵەندییە بەناوی ڕۆبەرت ڤان كریكن. ڤان كریكن لە كتێبەكەی بەناوی "نەوەیەكی ڕفێندراو"دا، سەبارەت بەوەی دەوڵەتی ئوسترالیا لەبەرامبەر هاوڵاتییانی ڕەسەنی ئوسترالیا ئەنجامی دا، "لە دەستبەسەرداگرتنێكی سیستماتیكانەی منداڵە ڕەسەنەكانی ئوسترالی و سەندنییان لە باوانەكانییان" ( **van Krieken, R. 1999**)).

لەوبارەیەشەوە، ڤان كریكن پێی وایە پرۆسەی بە شارستانیكردن لەخودی خۆیدا دەكرێت سەربگرێت بۆ شكستی بە شارستانیكردن لە فۆرمی هۆڤانیزم یا ئەوەی بە ئینگلیزی و هەندێك زمانی دیكە پێی دەڵێن (باربەریزم)ی شارستانیەتدا. كەواتە كارەكەی ڤان كریكن، بریتییە لە "هێرش یاخود (هۆڤانیزمی) بەشارستانیكردن، جینۆسایدی كولتوری و وەچەیەكی ڕفێندراو" لە ئوسترالیا!. پوختەی بیرۆكەی ئەو پیلانە، خۆی لە پرۆسەی ڕفاندنی منداڵە ڕەسەنەكانی ئوسترالیادا دەبینێتەوە. بیرۆكەكەش ئەوەبوو؛ ئوسترالییە پێست سپییەكان پێیان وابوو منداڵەكانی دانیشتوانە ڕەسەنەكەی ئوسترالیا دەبێ بە شارستانی بكرێن و جۆرە دابڕانێك ئەگەر بەهێزیش بێت، لەنێوان خەڵكی ڕەسەن و منداڵەكانییاندا دروست بكرێت. ئەوان بۆخۆیان ئەو منداڵانە بەخێو بكەن و پەروەردەیان بكەن، بۆ ئەوەی بەشارستانییان بكەن، وەكو هەوڵێك بۆ ئەوەی ئەو منداڵە ڕەسەنانە چیتر نەبنە ڕەهەندی باوانییان و كولتوری ئەوان هەڵنەگرن، بۆیە دەبێت وەكو منداڵی ئەوروپی بەخێوبكرێن و ڕۆشنبیری ئەوان وەربگرن. ئەم پرۆژەیە ناونرا "هێرشی بەشارستانی كردن"، لە فۆرمی پرۆسەی بە شارستانیكردندا ئەنجام درا.

ئەمەش مانای وایە كە گەلی ژێر دەست بەهۆی ئەو ململانێی و ڕەدكردنەوەیەی كە ئەنجامی دەدات لەدژی گەلی سەردەست یا هەژموندار، نەگەیشتۆتە ئاستێكی شارستانی تەواو، هێشتا هەر دڕندەن و ناوشیارن، بۆیە دەبێت بە شارستانی بكرێن. پرۆسەكە بە دەستدرێژیكردنە سەر پێكهاتەی ئەم گەلە ژێردەستانە لە ژمارەیەك فۆرمی جیاوازی وەكو ڕفاندنی منداڵ و دابڕاندنیان لە كەسوكاریان، ڕاگواستنی زۆرەملێ بۆ شوێنی تازە، دەست پێدەكات. وەكو لە پێشەوەش باس كرا ئەم چەمكە لەگەڵ دابڕاندنی منداڵە ڕەسەنەكانی ئوسترالیا داهێنرا، بەڵام لە چەندین شوێنی دونیادا ئەو پرۆسەیە لە فۆرمی جیاوازدا دووبارە بۆتەوە، بەتایبەتیش لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیەكان بەرامبەر نەتەوە ژێردەستەكان، یەكێكیش لەو نموونانە قوتابخانەی تایبەت داهێنران بۆ ئەو خێڵانەی ژێردەستەی عوسمانییەكان بوون بەناوی (عەشیرەت مەكتەبلەری). لەو بارەیەشەوە دكتۆر

جەبار قادر بەوردی توێژینەوەی لەسەر كردوون (كادر ج. ٢٠١٦).

**سێیەم: هۆكارەكانی ڕاگواستن**

دەكرێت ژمارەیەك هۆكاری لاوەكی جیاواز هەبن لەپشت پرۆسەی ڕاگواستندا وناكرێت تەنها لەیەك هۆكار كورت بكرێنەوە. بەڵام هەمیشە و بەبەردەوامی گرنگترین هۆكار؛ خۆبەدەستەوەنەدانی خەڵكی باشووری كوردستان بووە. هەر لەسەرەتاوە، فشارەكانی دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی پێكهاتەی كورد بكاتە بەشێك لە هاوكێشە مەزهەبییەكان، تاواندنەوە و داننەنان تەنانەت بەمافە كولتورییەكانی خەڵكی باشووری كوردستان، تا لەقۆناغی كۆماری بەعسدا، ئەو فشارانە دەگەنە لوتكە و خۆی لە پرۆسەی جینۆسایددا دەبینێتەوە.لەو چوارچێوەیەشدا، خەڵكی باشوور بەشێوەیەكی ڕژد و لەخۆبوردوانە ڕووبەڕووی ئەو فشارانە بۆتەوە و خۆیان بەدەستەوە نەداوە. ئەم خۆبەدەستە وەنەدانەش دەكرێت وەكو هۆكارێكی سەرەكی بۆ ئەو پرۆسەیە تەماشا بكرێت.

هۆكارە لاوەكییەكان خۆیان لەو خاڵانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

یەكەم: بوونی مەبەستێكی پێشینەی حكومەتی عێراق بۆ ڕاگواستن. وەكو ئەوەی لە ڕێككەوتنامەی جەزائیردا جێگای كراوەتەوە بەچۆڵكردنی ناوچە سنوورییەكان. كێشەكە ئەوەیە نازانین ئەو پێشنیازە هی ئێرانی ئەوسا بووە یا هی عێراق. بەڵام لەزۆر كەسم پرسیار كردووە و هەموویان پێیان وابووە پێشنیازی عێراق بووە.

دووەم: ناوچەی گوندەواری لەباشوور، ڕۆڵێكی سەرەكی هەبووە لە پشتیوانیكردنی هێزەكانی پێشمەرگە. ئەوەش هەمیشە بەربەستێك بووە بۆ هێزەكانی داگیركەر.

سێیەم: خواستی بەعس بۆ ڕاگواستن، وەكو پلانێك بۆ تاواندنەوە و بەتاڵكردنی ناوچە كوردییەكان، لەڕێی دروستكردنی فشار بۆ ڕۆشتنی خەڵك بەرەو ناوچەكانی دیكەی عێراق.

**بەشی سێیەم: ڕێوشوێنی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەكە**

**یەكەم: جۆری توێژینەوەكە و میتۆدۆلۆژی**

ئەم توێژینەوەیە، بەیەكێك لە توێژینەوە وەسفیە شرۆڤەكراوەكان دادەنرێت. سەرەتا كار لەسەر كۆكردنەوەی تەواوی زانیارییەكان دەكات، پاشان شرۆڤە و لێكدانەوەیان بۆ دەكات.

لەو توێژینەوەیەدا، میتۆدۆدۆلۆژیای فیگورێیشن وەكو چوارچێوەیەك دەبێتە دەروازەی شرۆڤەكردن، وەكو هەولێك بۆ تێگەیشتن لە دیوە شاردراوەكانی پرۆسەكە و گرنگیپێدانێكی تەواو بە ڕەهەندەكانی. هەروەكو، ئالان وایتهۆرن ڕوونی كردۆتەوە؛ "جینۆساید ڕووداوێكی كتوپڕ نیە. بەڵكو لەبڕی ئەوە؛ هەنگاوێكی مەبەستدارە و شوێنپێی چەندین قۆناغی دیاریكراو هەڵدەگرێت. بۆیە لە تێگەیشتنی میتۆدۆلۆژیای فیگورێیشندا، دەبێ قسە لە ڕابردوو بكرێت بۆ ئەوەی لە ئێستا و ئاییندە تێبگەین. گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە، لەڕێی شایەدحاڵەكانەوە، بەشێكی گرنگ دەبێت بۆ تێگەیشتن لەو سەردەمە و لە ئەنجامەكانی.

**دووەم: ئامرازەكانی كۆكردنەوەی داتاكان**

لەم توێژینەوەیەدا دیدار لەگەڵ چواردە كەس ئەنجام دراوە. هەموو ئەوانەی دیداریان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، شایەدحاڵی ڕۆژانی ڕاگواستنن و بەشێكن لە قوربانیەكان. بچوكترین تەمەنی بەشداربوان **50** ساڵ بووە، تا تەمەنی ٧٠ ساڵیان تێدایە. ئەوەی كە گرنگە هەندێك لەوانە بەشێك بوون لە لیژنەیەك كە لە دۆڵی ڕۆست پێكهێندراوە بۆ ڕێگرتن لە ڕاگواستنی ناوچەكە. ئەركی ئەو لیژنەیە سەردانی كردنی بەغدا بووە بۆ ئەنجام دانی دیدار لەگەڵ دەستەڵاتدارانی بەغدا، بەڵام هەموو هەولەكانیان بۆ نەك هەر ڕێگرتن لە ڕاگواستن

بەڵکو بۆ دواخستنی ڕاگواستنیش تا کۆتایی هاتنی وەرزی دوورینەوەی دەغڵ و دانەوێڵە و چنینەوەی بەروبومی کشتوکاڵی و بێستانەکان شکستی هێناوە[4].

**سێیەم: بوارەکانی توێژینەوەکە**

**بواری مرۆیی:**

ئەوانەی لەو توێژینەوەیەدا بەشداربوون، لەهەموو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوون، لە پیاو و ژن. هەموو ئەوانە بەشێك بوون لەو بەئامانج گیراوانەی کە خاك و خانوو و هەموو ئامرازێکی بژێوییان لەدەست داوە و زیانێکی ماڵی و دارایی زۆریان پێگەیشتووە. هەروەها ئەو ناوچەیە بەشێکە لەو ناوچانەی کە قەرەبووکردنەوەیان بووەتە هۆی کەمکردنەوەی کەمێك لە ئازارەکانیان، بەڵام هەرگیز نەبوو بەهۆی سرینەوەی ئازار و سەختیەکانی ژیان و باشکردنی گوزەرانیان.

لێرەدا، بۆبەرچاوڕونی زیاتر، تەمەن، ڕەگەز، باری کەسێتی، پلەی زانستی و پیشەی بەشداربووان لەو نەخشەیەدا دەخەینە ڕوو، بەو جۆرەی خوارەوە:

**نەخشەی ژمارە (1):** تایبەت بە ڕەگەز و باری کەسێتی و پیشەی بەشداربووان

| ژ | تەمەن | ڕەگەز | باری کەسێتی | پلەی زانستی | پیشە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 50+ | پیاو | خێزاندار | خوێندەوار | بێکار | بەتەمەن |
| 2 | 50+ | پیاو | خێزاندار | سەرەتایی | کاری سەربەخۆ | |
| 3 | 50+ | پیاو | خێزاندار | سەرەتایی | بۆخۆی کار دەکات | |
| 4 | 50+ | پیاو | خێزاندار | پەیمانگا | فەرمانبەر | |
| 5 | 50+ | پیاو | خێزاندار | خوێندەوار | موختار بووە | بێکار |
| 6 | 50+ | ژن | خێزاندار | ناتوانێت بخوێنێتەوە | کابانی ماڵ | |
| 7 | 50+ | ژن | خێزاندار | ناتوانێت بخوێنێتەوە | کابانی ماڵ | |
| 8 | 50+ | پیاو | خێزاندار | ناتوانێت بخوێنێتەوە | بێکار | بەتەمەن |
| 9 | 65+ | پیاو | بێوەپیاو | خوێندەوار | خانەنشین | |
| 10 | 50+ | پیاو | جیابووەوە | ئامادەیی | فەرمانبەر | |
| 11 | 60+ | ژن | بێوەژن | خوێندەواری نیە | ژنی ماڵ | |
| 12 | 50+ | پیاو | بێوەپیاو | خوێندەواری نیە | دوکاندار | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | +50 | پیاو | خێزاندار | خوێندەوار | نوێژخوێن |
| 14 | +50 | پیاو | بێوەپیاو | خوێندەواری نیە | خانەنشین |

**بواری شوێن:**

نەخشەی دۆڵی ڕۆست




نەخشەی دۆڵی ڕۆست

دەڤەری باڵەکایەتی/ قەزای چۆمان، پارێزگای هەولێر

ئەوەی جێگای تێبینیە، بنکەی حیزبی بەعس، لەهیچ یەکێك لەو گوندانەدا نەبووە، مەگەر کەسانێك وەکو سیخوڕ ئامادەییان هەبوبێت. ئەمەش خاڵێکی سەرنجڕاکێشە بۆ توێژەران، چونکە دەکرێت بەعسییەکان نەیانتوانیبێت لەو گوندانەدا کار بکەن و خۆیان ڕابگرن. دەکرێت هەر ئەوەش یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە پەنا بۆ وێرانکردن و خاپوورکردنی ئەو گوندانە بردراوە.

خاڵێکی دیکە، کە زۆر سەرنجڕاکێشە، پێشمەرگە هیچ کاتێك پەلاماری ئەو بنکانەی پۆلیسییان نەداوە کەلەو گوندانەدا هەبوون. بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆیان کردووە، لەکاتێکدا ئەو بنکانە نوێنەرایەتی حکومەتی عێراقییان کردووە. ئەمەش بەڵگەیەکە کە

پێشمەرگە كێشەیەكی ئەوتۆی لەگەڵ ئەو بنكانەدا نەبووە كە پیشەییانە كاری خۆیان كردووە، لەكاتێكدا ڕاوەدونانی پێشمەرگەش كاری ئەو بنكانە نەبووە. جیالەهەموو ئەو تێبینیانەش، تاكە بنكەیەك كە لەهەموو گوندەكاندا هەبووە، مزگەوتە، بەڵام دوایی بەناوی قورئانەوە ئەو مزگەوتانە هەموویان تەقێندرانەوە و خاپوور كران.

**نەخشەی ژمارە (2)**: ناوی ئەو بنكانەی كە لەگوندەكانی ئەو ناوچەیەدا هەبوون

| ژ | پۆلیس | قوتابخانە | بنكەی تەندروستی | مزگەوت | نوسینگەی حیزبی بەعس | ئەنجومەنی گوند | بنكەی دی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 2 | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 4 | بەلێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | نزیكبووە لەو گوندەی كە بنكەی تەندروستییان هەبووە |
| 4 | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | كۆمەڵەی جوتیاران |
| 5 | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | .. | |
| 6 | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 7 | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 8 | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 9 | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 10 | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | حوجرەی فەقێیان | |
| 11 | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | |
| 12 | نەخێر | نەخێر | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | نەخێر | نەخێر | گوندێكی بچووك |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | نەخێر |
| 14 | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر | بەڵێ | بەڵێ |

**دووەم:** لەڕووی دەوڵەمەندیەوە ئەو ناوچانە خەریك بوون بە كشتوكاڵ و ئاودێری و ماڵیاتەوە. ناوچەیەكی شاخاوی ڕازاوە و دەوڵەمەند بە بەرووبوومی سروشتی خۆرسك، لەوانەش دار، مازوو، قەزوان، بەڕوو، بەرووبوومی وەرزی وەكو ڕێواس و گەنگر و گێوژ، وێڕای ئاژەڵی كێوی.

ئەو نەخشەیەی خوارەوە كار و داهاتی ئەو خەڵكە پیشان دەدات كە لەو سەردەمەدا تیایدا ژیاون.

**نەخشەی ژمارە (3):** كار و داهاتی دانیشتوانی گوندەكانی ئەو ناوچەیە

| ژ | پیشە | داهات | تێبینی |
|---|---|---|---|
| 1 | وەرزێر | مام ناوەنجی | |
| 2 | وەرزێر/ دوكاندار | باش | |
| 3 | كرێكار | دیار نەبوو | |
| 4 | قوتابی | داهاتێ تایبەتی نەبووە | پشتی بە دایكوباوكی بەستووە |
| 5 | موختار | نازانم | |
| 6 | كاری ماڵ، ماڵداری | باش بووە | |
| 7 | كابانی ماڵ و ماڵداری | زۆر باش بووە | |
| 8 | وەرزێر | مام ناوەنجی بووە | |
| 9 | شوانكارە | دیار نەبووە | |
| 10 | فەرمانبەر/وەرزێر | دیار نەبووە | هەبوو بووە |
| 11 | وەرزێر | باش بووە | |
| 12 | نوێژخوێن | باش بووە | |
| 13 | سەپان | خراپ نەبوو | |
| 14 | سەپان | باش بووە | |

لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، بەپێی ئەزموونی توێژەر كەلەو سەردەمەدا دانیشتووی ئەو ناوچەیە بووە، وێڕای ئەو زانیارییانەی كە لەخەڵكی ئەو دەڤەرە بەدەستی هێناوە، هیچێك لەو گوندانە ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل و كارەباشییان نەبووە. سەبارەت بە پرۆژەی ئاو، هیچێك لەو گوندانە لەڕێگەی حكومەتەوە پرۆژەی ئاویان بۆ نەكراوە، بەڵكو خەڵكەكە بۆخۆیان چارەسەری ئاویان كردووە وپرۆژەی تایبەتییان هەبووە. هەرچی گواستنەوەی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان بوون، هەموویان لەڕێی وڵاخەوە گواستۆتەوە بۆ سەر ڕێگاوبانی ئۆتۆمبێل.

**سێیەم:** ناوچەیەك بووە لەڕووی ستراتیژییەوە، هەرچەندە بۆ پێشمەرگە شوێنێكی لاپەڕگە بووە و نەیانتوانیوە لەوێوە هێرش بۆسەر بنكە و بارەگاكانی هێزە ئەمنیەكانی حكومەتی عێراق بەرن، بەلام لەوانەیە وەكو ناوچەی پشوودان و پێداڕۆشتن بەشێوەیەكی سنووردار سوودی لێ وەرگیرابێت. بۆیە ئەم شوێنانە لەڕووی ستراتیژیەوە زیانێكی ئەمنی ڕاستەوخۆی بۆ دەستەلاتی حكومەتی ئەوسای عێراق نەبووە، بەڵكو بەپێچەوانەوە سەرچاوەیەكی گرنگ و گەورە بووە بۆ دانەوێڵە و میوە و بەرووبوومی هەمەجۆر.

**چوارەم:** ئەو ناوچەیە هەرچەندە ناوچەیەكی دوورە دەست بووە بەلام بەشێوەیەكی بەردەوام بنكەی پۆلیس و سەندیكای گوند و موختار و نەخۆشخانە و قوتابخانەی تێدابوون. بەدرێژایی ئەو زەمانەش بنكەكانی پۆلیس لەلایەن هێزەكانی پێشمەرگەوە پەلامار نەدراون. ئەمەش ئەو ڕاستیە دەگەیەنێت كە ڕاگواستنی ئەو ناوچانە لەڕووی ئەمنیەوە هیچ هەڕەشەیەكی ڕاستەوخۆ و مەترسیداری بۆسەر دەستەلات و هێزە ئەمنیەكانی حكومەتی عێراق دروست نەكردووە.

**بواری كات:**

تویژینەوەكە تایبەتە بە ڕووداوەكانی سەروبەندی ڕاگواستن لە ساڵی **1977** و ڕۆژانی پرۆسەی ڕاگواستنی خەڵك و گەیشتنییان بە ئۆردوگا زۆرەملێكان و بەشێك لە ژیانی ناو ئۆردوگاكان.

**چوارەم: نموونە یاخود (سامپل):**

هەڵبژاردنی كەسە بەشداربووەكان زۆربەی جاران خۆڕسك و هەڕەمەكی بووە، بەلام هەندیك جار لەشێوەی تۆپەڵە بەفر، ڕێنوێنی بووە بۆ شارەزایی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی كەسەكان بە ڕووداوەكانەوە، بۆ نموونە هەڵبژاردنی هەندێك لەوانەی كە ئەندام بوون لەو لیژنەیەی كە پێكهێندرابوو بۆ ڕێگرتن لە ڕاگواستن، بەو مەبەستەش سەردانی بەغدایان كردووە بەمەبەستی پەیوەندیكردن بە دەستەلاتدارانی بەغداوە، بەلام هەوڵەكەیان بێهودە بووە. یا كەسانێك بوون كە زانیاریەكی ڕاستەوخۆیان لابووە سەبارەت بە ڕووداوەكان.

**پێنجەم: گریمانە:**

هەرچەندە بڕیاری ڕاگواستنی ناوچە گوندنشیەكانی باشووری كوردستان بەشێكە لە ڕێككەوتننامەی جەزائیر ( Högbladh, S. 2011)) بەمەبەستی دابڕاندنی پارچەكانی كوردستان لەیەكدی و داخستنی سنوورەكان، واتە ئامانجێكی ئەمنی تەواوی لەپشتەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەناو خەڵك بلاوییان كردەوە كە ئەوناوچانە سەخت و دوورەدەست و شاخاوین و بەئاسانی خزمەتگوزارییان پێناگات، ئەگەر پێشییان بگات، تێكدەران (كەئاماژە بوو بۆ هێزەكانی پێشمەرگە)، ئاستەنگ بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەكان و كارمەندانی دەوڵەت دروست دەكەن، دەست بەسەر كەلوپەلەكانی میری و ئەو هاوكارییانەشدا دەگرن كە بۆناوچە سەختەكان دەنێردرێن. هەروەها ئەزیەتی دانیشتوانی گوندەكان دەدەن و سەرانەیان لێ وەردەگرن، سوود لەناوچەكە وەردەگرن بۆ پەلاماردانی بنكە و بارەگا سەربازییەكان و پۆلیس.

لەڕاستیدا هەموو ئەو پاساوانە مۆتیڤی ئەمنی و سیاسییان لەپشتەوە بوون و بەپێی ئەو وردەكارییانەی كە بەشداربووەكان خستوویانەتە ڕوو، هیچێك لەو پاساوانە بنەمایەكی ڕاستییان نەبووە. بۆیە، گریمانەی ئەوە دەكەین كەئەو پرۆسەیە بەشێك بووە لە هەڵمەتی "هێرشی بەشارستانی كردن" و دروستكردنی بەربەستی ڕاستوخۆ بۆ ژیان و ئارامی و بژێوی خەڵك لەو ناوچانە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەچێتە چووارچیوەی پێناسەی "پەیماننامەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆرێگریكردن لەتاوانی جینۆساید". لەو پێناسەیەدا هاتووە:

"جینۆساید هەموو ئەو كردارانە دەگرێتەوە كە بە مەبەستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێك، لە نەتەوەیەك، گروپێكی ئیتنی، ڕەگەزێك یا گروپێكی ئاینی ئەنجام دەدرێن، لەرێگای:

**1.** كوشتنی ئەندامەكانی گروپەكە؛

**2.** دروستكردنی هەر هۆكارێكی جیددی جەستەیی یا ئەقڵی بۆ ئەندامانی گروپەكە؛

**3.** بە ئەنقەست تەواوی گروپێك یا بەشێكی گروپێك بخرێنە بارودۆخێكی سەخت بە مەبەستی لەناوبردنیان لەرووی فیزیكییەوە." (سادیق أ. **2016**).

ئەم ڕاگواستنە بە پێچەوانەی پاساوەكانی هێز و دامودەزگاكانی حكومەتی عێراقەوە، ڕاگواستن هۆكارێكی سەرەكی بوو بۆ:

یەكەم: زۆربوونی نەخۆشیە كۆمەلایەتیەكانی وەكو خەمۆكی، هەروا دیاردەی خۆكوشتن و كێشە كۆمەلایەتیەكان. دووەم: بێكاری. ئەو خەڵكەی كە تائەوكاتە هێزێكی بەرهەمهێن بوون، لەدوای ڕاگواستن بوون بۆ هێزێكی پەككەوتە و گەمارۆدراوی ناوكەمپەكان و بڵاوبوونەوەی بێكاری بەشێوەیەكی سەرتاسەری.

سێیەم: بەهۆی بێكارییەوە، زەمینەسازییەك كرا بۆ ڕاكێشانی خەڵك و ناچاركردنێكی ڕاستەوخۆ بۆ چەكداركردنییان و كردنییان بەبەشێك لەهێزێكی یارمەتیدەر بۆ سوپاس و هێزە ئەمنییەكانی دیكە، كە ئەوسا ئەو هێزە ناسرابوو بە "ئەفواجی خەفیفە".

چوارەم: توانای كۆنترۆڵكردنی ڕاستەوخۆی ئەو كەمپ و كۆمەڵگایانەی كە خەڵكە ڕاگوێزراوەكەیان تێدا ئاخنیبوون. هەموو ئەو كەمپانە لەرێی بنكە و بارەگا ئەمنی و سەربازی و سیخوڕییەكانی ڕژێمەوە گەمارۆ دەدران. دەروازەكانی هەموو ئەو كامپ و ئۆردوگا زۆرەملێیانە، بەخاڵی پشكنین و بنكە سەربازییەكان گیرابوون. هاتوچۆی هاوڵاتییان سنووردارەكرا و پشكنینی ورد دەكران.

پێنجەم: بەئاسانی دەستگیركردنی هەر كەسێك یا گروپێك كەگومانی جموجۆڵی سیاسییان دەكەوتە سەر. وێڕای ئەوەش كۆنترۆڵكردنی تەواوی قوتابخانە و بنكە تەندروستییەكان. پاواكردن و قەدەغەكردنی هەموو جۆرە چالاكییەك لەو كەسانەی كە سەربە حیزبی بەعس نەدەبوون

شەشەم: بەڵگەیەك لەسەر ئەو دۆخە نالەبارەی كەلەو كەمپانە دروست بوو، دەستگیركردن و ڕاگواستنی بارزانییەكان بوو بۆ شوێنێكی نادیار. ئەو ئۆردوگایانەی كە بارزانییەكانی تیادا دەژیان بەهێزە هاوبەشە ئەمنییەكانی حكومەتی عێراق گەمارۆدران و هەموو ئەو پیاوانەیان لەكاتێكی پێوانەییدا دەستگیركردن كە تەمەنییان لەسەرەوەی ١٤ ساڵیدا بوون. ئەگەر ئەو ئۆردوگایانە نەبووان مەحاڵ بوو بتوانن ئەو ژمارە زۆرە لەخەڵك دەستگیربكەن، كەدواتر لەباكووری عێراق كۆمەڵكوژ كران.

ئەم هۆكارانە، هەموویان دەچنە چوارچێوەی هێرشی بەشارستانی كردن. لەهەمانكاتیشدا بەپێی پێناسەی جینۆسایدی نەتەوە یەككگرتووەكان، كەلەبڕگەی سێدا باس لە "دروستكردنی هەر هۆكارێكی جیددی جەستەیی یا ئەقڵی بۆ ئەندامانی گروپەكە" دەكات، دۆخێكی سایكۆلۆجی قورس و نالەبار بۆ ڕاگوێزراوەكان دروستكرا. لەژینگەیەكی تەندروست و سازگارەوە، خرانە ژێر چاودێرییەكی توندی ژینگەیەكی وشك و گەرم و پیسەوە، كە لەئەنجامدا ڕێژەیەكی زۆر لەو هاوڵاتییانە گیانییان لەدەست دا.

بێجگە لەوەش، نەوەی نوێی ئەو ڕاگوێزراوانە خرایە ژێر كۆمەڵێك گوشاری جیاوازەوە، لەرێی چاودێریكردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن یەكێتی قوتابییانی عێراق، كە ڕێكخراوێكی سەر بە حیزبی بەعس بوو، وێڕای بڵاوبوونەوەی بنكەكانی

حیزبی بەعس و بەزۆركردنی خوێندكاران بەبەعسی و بەكارهێنانییان لەچالاكی نەخوازراوەوە.

## بەشی چوارەم: شرۆڤەكردنی ئەنجام و وردەكارییەكانی توێژینەوە

لەدوتوێی ئەو دیدارە راستەوخۆیانەی كە لەگەڵ شایەدحاڵەكان ئەنجاممان دان، دەرخستنی دوو ئاست گرنگبوون بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین داخۆ بەڕاستی پاساوەكانی حیزبی بەعس لەجێی خۆیاندا بوون، یاخود ئامانج بەتاڵكردن و سوتاندنی ئەو ناوچانە بوو كە سەرچاوەیەكی ئابووری و گەشتیاری بێوێنەیان پێك دەهێنا.

### ئاستی یەكەم:

### زانین و شرۆڤەكردنی ئەو ئاكامە مەترسیدارانەی كە دوای ڕاگواستن دروستبوون، لەرووی فیزیكی و سایكۆلۆژییەوە.

ڕاگواستن، بێجگە لەوەی كە تاوانێكە دژ بە مرۆڤایەتی، لەهەمان كاتیشدا، بەپێی پێوەرە تایبەتەكانی خۆی، تاوانێكە دەكرێت بچێتە قالبی دایكی تاوانەكان كە جینۆسایدە. لێرەدا، پرۆسەكە تەنها چركەساتێك نیە، كە مرۆڤەكان ڕادەگوازرێن بۆ شوێنێكی دیكە و پاشان هەموو شتێك كۆتایی دێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە، زانینی چركەساتی ڕاگواستنە، بۆ ئەوەی هەم لەدواندنی هەستەكانی ڕاگوێزراوان و هەمیش لەدوتوێی هەندێك پرسیاری دیكەدا لەوە تێبگەین كە ڕاگواستن بەشێك بووە لە بە تراژیدیاكردنی ژیانی ئەو خەڵكە و دانانی سەرەتایەك بۆ چیرۆكێكی درێژتر و بێكۆتایی كە تائەمڕۆش دەرهاوێشتەكانی هەر بەردەوامن[5].

لێرەدا، بەمەبەستی ئاسانكاری بۆ بەشداربووان و بەمەبەستی زانینی لایەنی سایكۆلۆژی ڕاگوێزراون، ویستمان لایەنی دەروونی ڕاگوێزراوان لەچركەساتی ڕاگواستندا بزانین، لەدوتوێی پرسیارێك و هەشت لقە پرسیار.

پرسیارەكە:

**كە ئێومیان ڕاگواست، هەستت بەچ شتێك لەمانەی خوارەوە كرد؟**

**نەخشەی ژمارە (4)**: تایبەت بە لقە پرسیارەكان

| ژ | لقە پرسیارەكان | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|---|
| 1 | لەپرەگورپیشەوە دەریانهێنام و ڕفێندرام | 14 | 0 |
| 2 | هەستم بەنامۆیی و خەموپەژارەیەكی زۆر دەكرد | 14 | 0 |
| 3 | هەستم بە بێحورمەتی و بێكەسی دەكرد | 14 | 0 |
| 4 | زۆر دڵم پێخۆش بوو وامزانی هاتوومەتە بەهەشت | 0 | 14 |
| 5 | بەلامەوە ئاسایی بوو و لێرەبا یان لەوێ گرنگ ئەوەیە بژین | 0 | 14 |
| 6 | هەستم كرد كە سەختییەكانی ژیان لێرەوە دەست پێ دەكەن | 14 | 0 |
| 7 | مەترسییەكی زۆرم لێنیشت و تائێستاكەش بەری نەداوم | 14 | 0 |
| 8 | هی دی: | | |

وەڵامەکانی لقە پرسیاری هەشتەم، کە هەموویان دەربڕینێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەخوارەوە بەڕیزبەندی داندراون:

**1.** تائەمڕۆ ئەو ڕۆژەم لەگەڵدا دەژیت دیمەنەکانم لەبەرچاو لاناچن

**2.** هەرچەندە خەڵك زۆر چاویان کرانەوە، بەڵام بەدیوی دیکەدا، ڕووبەڕووی تەحەددای گەورەتر بوینەوە

**3.** هەستم بەنائومێدییەکی گەورە دەکرد چونکە نەمانتوانی بەرگری لەخۆمان بکەین!

**4.** کاتی گواستنەوە هەستم کرد سەرەتای لەناوچوونمانە

**5.** هەستم بەشەرمەزارییەکی گەورەکرد، چونکە خۆمدا بەدەستەوە

**6.** ئەوڕۆژە زۆرگریام، بۆزیاتر لەساڵێکیش توشی خەمۆکی بووم، بەڵام دوایی فریای خۆم کەوتم

**7.** هاوسەرەکەم توشی خەمۆکی بوو و بەرینەدا تا مرد

**8.** تائەمڕۆ ئەم ڕۆژەم لەگەڵدا دەژیت و دیمەنەکانم لەبەرچاو لاناچن

**9.** ئەوڕۆژە زۆر گریام

**10.** برام ئەوانە چین، ئەو زمانە ناسکە چیە؟ لەو ڕۆژەدا هەستم کرد ئێمەیان ئەتك کرد و کۆتاییمان پێهات. ئێمە ئیدی وەکو خۆمان لێ نایەتەوە.

**11.** لەو ڕۆژەدا تفم لەخۆم دەکرد. بەعس بەکافریش حیسابی بۆنەکردین کە داوامان لێکرد جزیەمان لێ بستێنن.

**12.** دەمویست خۆم بکوژم، بەڵام ژن و منداڵەکانم دەدیتن بۆیە پەشیمان دەبوومەوە

**13.** من یەکێکم لەوانەی کە هەمیشە بەسەبرەوە لەو جۆرە ڕووداوانە دەڕوانم

**14.** دەبوایە لەوێ بمرین بەڵام بەو زەلیلیلییە ڕازی نەبین، ئاخ یەکگرتوو نین

ئەگەر بەوردی لە وەڵامی ئەو پرسیارە و لقە پرسیارەکان بڕوانین، ئەنجامەکان سەرسوڕهێنەرن و بەهیچ جۆرێك بەلای ئەو پاساوانەدا ناچن کە ئەوکاتە حیزبی بەعس دەیوروژاندن و بڵاوی دەکردنەوە. بێجگە لەو لقەپرسیارانەش کە ئامادەمان کردبوون و بەبەڵێ یاخود بە نەخێر وەڵامییان دەدایەوە، وەڵامێك بۆ بەشداربووان بەجێهێڵدرا. لەهەر چوارده وەڵامەکەدا کەلێنێك نابینین بەعسییەکان بتوانن بیکەن بە پاساو بۆ ئەو سیاسەتەی کە پێڕەوییان لێ دەکرد. هەموو وەڵامەکان خەمناك و ترسناکن. گەلێکیش لەوانە ژیانێکی پڕلەخەفەت و نائارامییان بەسەر بردووە.

لەپرسیارێکی تایبەتدا، کە پەیوەندی بەچوارچێوە تیۆرییەکەی ئەو توێژینەوەیە هەیە، وەڵامەکان بەو جۆرەی خوارەوەن:

پرسیارەکە: بەعس دەیگوت ئەو خەڵکە بەشارستانی دەکەین، ڕای تۆ چیە؟

**نەخشەی ژمارە (٥)**: تایبەت بە وەڵامەکانی هێرشی بەشارستانی کردن

| ژ | وەڵامی پرسیارەکە | تێبینی |
|---|---|---|
| 1 | بەچی؟ بەتەلەڤیزیۆنێك بۆ ئەوەی تەماشای خۆی بکەین؟ کاکە شارستانیکردن بەخانووی مۆدێرنیش نیە، بەڵکو بە ئیرادەیە، بەعس ئیرادەی لێ سەندین و ئێمەش بوین بە مریشکی مەسلەحە و بەئاسانی | لێسەندنەوەی ئیرادە |

| | | |
|---|---|---|
| | دەستەمۆی كردین. ئێستاش باجەكەی دەدەین. | |
| 2 | خەڵك لەئۆردوگا فێری زۆرشتی مۆدێرن بوون، بەڵام زۆربەیان ئەخلاقییان لەدەست دا. چۆن؟<br>لەلادی داوێنپیسی و خیانەتی زەوجی نەبوو، یازۆر دەگمەن بوو، لەئۆردوگا سەریهەڵدا و بوو بە دیاردە.<br>لەئۆردوگا فێری تەوالێت بووین، بەڵام بەدیوەكەی تردا هەموو ئینتیمایەكمان بۆ وڵات لەدەست دان و پیسوپۆخنتر بووین.<br>لەلادێ پشتمان بەخۆمان دەبەست بۆ لەتە نانێك، بەڵام لێرە بووین بەجاش بۆ پارە.<br>لەلادێ ڕێز هەبوو لەنێوان خەڵك، هاوكاری هەبوو، بەڵام لەكۆتاییدا ئەو ڕێزە زۆر بەرەو كزی ڕۆیشت،<br>ئیدی ناشزانم شارستانییەت چیە؟ | لەدەستدانی ئەخلاق، ئیرادە و پشتبەخۆبەستن.<br>هەستكردن بە لەدەستدانی بەها و نۆرمەكان (ئانۆمی) |
| 3 | بەعس ئێمەی نەك هەر شارستانی نەكرد، بەڵكو لەڕەگوڕیشەوە دەریهێنانین، تاوامان لێهات نەتوانیمان ببین بە شاری، كەئەسڵەن خودی ئەو ئۆردوگایانە نەبوون بە شار، نەدواییش بەكەڵكی ژیانی گوند هاتینەوە. كەواتە وەكو دەڵێن لەهەردوو دینان بوین.<br>دەی بەچی بەشارستانی كردین؟<br>بەڵێ ئەگەر لەناوەندی ئۆردوگا، یەك تا دوو قوتابخانەی بۆ بكردبایەنەوە.<br>یاخود چەند كارگە و كۆمپانییایەكی لەناو ئەو ئۆردوگایانە بۆ بینابكردباین!<br>ئەگەر بینایەیەكی شانۆی بۆدروست بكردباین.<br>ئەگەر  چەند كارگەو و چەند كۆمپانییایەكی لەناو ئەو ئۆردوگایانە بۆبیناكردن، ئەگەر نا بینایەكی شانۆی بۆ بیناكردبان.<br>چەكی داینە دەست و گوتی ئەوە سەرچاوەی ژیانتانە، ئێمەش گەمژانە باوەڕمان كرد.<br>دەی هۆكارەكانی بەشارستانیبوون چین؟<br>زۆربەی لادێكانی كوردستان وەكو پارچەیەك لەبەهەشت وابوون، لەڕووی هەڵكەوتنی سروشت و  جوانی و سەوزایی ناوچەكە، بەڵام لەئۆردوگا لەناو تۆز و خۆڵ كەوتبووین. ئەوخەڵكە كەوتبووە سەر یەكدی و كەڵەكە بووبوو.<br>لەئەنجامدا بووین بە مێگەل و وەكو تەیرێكی پەڕووباڵكراو، پەڕوباڵییان كردین. | زەمینەسازی بۆ چەكداربوون و خۆلەدەستدان<br>بێبەهایی و لەدەستانی نۆرمەكان (ئانۆمی) |
| 4 | لەوانەیە هەندێك دەرهاوێشتەی پۆزەتیڤی لێكەوتبنەوە، بەڵام لە ئەساسدا ئەو ڕاگواستنە بووە هۆی تێكدان و لەدەستدانی تەواوی بەها | هەستكردن بە لەدەستدانی بەها و نۆرمەكان (ئانۆمی) |

| | | |
|---|---|---|
| | و نۆرمەكانی كۆمەڵگاكەمان | |
| 5 | نەك هەر بە شارستانی نەكراین، بەڵكو لەهەردوو دینان بووین | وێرانبوون (سفربوونەوە) |
| 6 | نازانم شارستانیبوون چیە؟ ئێمە لەلادێ ئازاد بووین. پەیوەندی ژن و پیاو پێچ و پەنای تێدانەبوو. ژن و پیاوەكان بە مێرد و بە ژنەكان كەم وابوو ژێربەژێر پەیوەندی ناشەرعی ببەستن، چونكە بۆ كەش و هەوای لادێ قورس بوو. بەڵام پەیوەندی نێوان كچ و كوڕ زۆر لەوەی ئۆردوگاكان ئاسانتر بوو، كێشەكانیش كەمتر بوون. ئۆردوگا بۆ خەڵی كوردستان بوو بە مۆتەكە، نەئەوەتا كولتوری شاری تێدابێت، نەكولتوری لادێش مایەوە. | لەدەستدانی ئازادی و داماڵین لە كولتوری كوردەواری |
| 7 | بەعس هەموومانی تاواندەوە، ئەو سیما كوردەوارییانەی كە ماومانە هەمووی زاهیرە، لەناوخەوە ئێمە تاوانیندراینەوە. بەعسیش هەر ئەوەی دەویست. دەیویست مرۆڤێكی بێ ئیرادە دروست بكات. ئێستا ئێمە خەڵكێكی بێئیرادەمان هەیە و ناتوانن لەگەڵ سەختی ژیان هەڵبكەن، بۆیە تاسەر ئێسقان تەمبەڵ بوون. ئیدی شارستانی مانای چیە؟ مانای گەورەبوون بە شیر و كێك؟ یاتێگەیشتن لەزەحمەتییەكانی ژیان و بەرهەمهێنان؟ | زیادبوونی ڕواڵەت و لەدەستدانی ئیرادە |
| 8 | ئەوجا، لۆ بەعس لۆخۆی شارستانی بوو تا ئێمە بكات بە شارستانی؟ نەخێر. دوای ڕاگواستن ئەوەندە ڕۆشنبیرییەی هەشمان بوو ئەویش ڕۆشت. | سفربوونەوە |
| 9 | ڕاستە نیوەی كوردی ناو ئەو ئۆردوگایانەی كرد بە چەكدار. ژنكوشتن نەبوو، لەكەمپەكاندا سەری هەڵدا. دامێنپیسی و خیانەی زەوجی لەلادی دەگمەن بوو، لە ئۆردوگاكان بوو بە دیاردە. | چەكداربوون و خیانەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی |
| 10 | ڕاستە، لەژیانی ئاسایی خۆمان كەس جورئەتی نەدەكرد سوارمان بێت. بەڵام بەعس لە ئۆردوگاكان كەسمانی بە دەستونوێژ نەهێشتەوە. شیرازەی كۆمەڵگای ئێمە لەو ئۆردوگایانە وەها تێك چوو، هەرگیز وەكو خۆی لێنایەتەوە. بەشارستانی كردن، یا لەئینسابوون خستن؟ ئێمە لەمرۆڤبوون خراین | سفربوونەوە و لەمرۆڤبوون خران |
| 11 | وەڵا برا كەهاتینە ئۆردوگا دین نەما، ئەخلاق نەما، ویژدان نەما. بەمروری زەمەن، ئەوان گۆڵی خۆیان لێكردین و هیچ نەما پێمان نەكەن. | سفربوونەوە هەستكردن بە لەدەستدانی بەها و نۆرمەكان (ئانۆمێ) |
| 12 | دەزانی، ژیانمان سەخت بوو لەلادێ بەهۆی نەبوونی ڕێگاوبان و خزمەتگوزارییەكان، بەڵام خۆشبەخت و سەرفراز بووین. حیلەوحەواڵە و بێویژدانیمان لەسنووری خۆمان بوو، بەڵام كەهاتینە ئەو ئۆردوگا نەفرەتییانە، هەندێك خەڵك لەبێویژدانی و حیلەوحەواڵە بوون بە وەستا. | هەستكردن بە لەدەستدانی بەها و نۆرمەكان (ئانۆمی) |

| | | |
|---|---|---|
| 13 | زۆر لەوێ کەلیمێ تێناگەم، بەلام هەندەی دەزانم نە خۆشیێ گوندیمان ما، نە خۆشیێ شاریشمان دیت. ئەمەیان خستە وەزعەکی کە کەس حەسودیێن پێ نەبات. بەتاییەتیش سالینە هەوەلی کافرن پێ بوسورمان دەبوون. | ئێش و ئازار سفربوونەوە |
| 14 | دەزانی لەگوندیدا؛ روحم هەبوو، هاوکاری و هەرەوەرزی هەبوو، گەورەیی و گچکەیی هەبوو. هەمووا دیفاع لەئێکدی ئەکرد. کولتورەکی جوانمان هەبوو و خەڵك هەمووی پێیوە پابنەد بوو. لێرە، هیچ نەما، هەر بەجیددی لەجلوبەرگمان رووتکارینەوە. فێری خیانەت بووین و لۆدوژمنی خۆن چەکمان خستە شانی. بەقەناعەتی من مردن باشتر بوو لەو نانەی بەخیانەت و حیزی پەیدا دەکرا. | هەستکردن بەلەدەستدانی بەها و نۆرمەکان (ئانۆمی). |

لەو خشتەیەدا و لەوەڵامەکانی بەشداربوواندا، ئانۆمی بەزەقی هەستی پێدەکرێت. بەشداربووان تا ئەمرۆش لەرەوشێکی سایکۆلۆژی باشدا نەبوون. ئەم وەڵامانە پێچەوانەی هەموو ئەو پاساوانەن کە حیزبی بەعس دەیخستنە روو بەمەبەستی وێران و خاپوورکردنی گوندەواری.

**ئاستی دووەم**

**بەراوردرکدنی ژیانی گوند و ئۆردوگا زۆرەملێکان.**

بەراوردرکردنی ژیانی گوند و ئۆردوگا زۆرەملێکان هەر دەبێ لەرێی دواندن و قسەکردن لەگەڵ شایەدحاڵەکان و ئەو قوربانییانەش بێت کە وەبەر هەڵمەتی راگواستن کەوتن، چونکە ئەوان بەکردەوە هەردوو ژیانییان بینیون. لەخوارەوەدا لەرێی خشتەیەکدا وردەکاری راوبۆچوونی بەشداربووان دەخەینە روو. لەو خشتەیەدا، وێرای دیاریکردنی رەوشی گەرانەوە بۆگوند و بەراوردکردنی بە ئۆردوگا زۆرملێکان، هاوکاری حکومەت و ئاستی داهاتی بەشداربووانیش دیاریکراوە:

**نەخشەی ژمارە (6):** تیبەت بە گەرانەوە بۆ گوند

| ژ | بۆ نەگەراویتەوە بۆ گوند | بۆ گەراویتەوە بۆ گوند | خانوویان دروست کردۆتەوە | هیچ جۆرە سلفەیان وەرگرتووە | داهاتی مانگانەیان چەندە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | یەك رۆژیش لەو ئۆردوگایە هەستم بە ئارامی نەدەکرد | چونکە لێرە ئارامتر و خۆم بەلاوە مرۆڤە. | بەڵێ | بەشێ خانوێك بلۆك و چیمەنتۆم وەرگرت | مانگانە موچەی ملیۆنێك زیاتر لەگەڵ هەندێك کار و کەسابەتی دیکە |
| 2 | بەتەواوی | تەنها هاوینان دەچمەوە | بەڵێ | بەشێ خانوێك | داهاتم باشە، بەلام |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نەگەراومەتەوە | گوند | | بلۆك و جیمەنتۆم وەرگرت | مەسرەفیشم زۆرە چونكە قەڵەباڵغ بووین |
| 3 | بەتەواوی نەگەراومەتەوە چونكە منداڵەكان دەخوێنن | | بەلێ | بەشێ خانوێك بلۆك و جیمەنتۆم وەرگرت | داهاتم خانەنشینییەكەیە كە ناگاتە ٤٥٠ هەزار دینار |
| 4 | چونكە لەئۆردوگا كار دەكەم | هاوینان دەگەڕێمەوە | بەڵێ | نەخێر | یەك ملیۆن و نیو |
| 5 | چونكە بێتاقەت بووم و كەلكی ئیشكردنم نەماوە | | بەڵێ | نەخێر | دیار نیە |
| 6 | هاوسەرەكەم نەماوە و كوڕەكانیشم دەچن ئیدارەی موڵكەكان دەكەن | | بەڵێ | نەخێر | وەزعم باشە و كورەكانم هەموویان ئیش دەكەن |
| 7 | | زۆر هۆكار: - چونكە زیاتر هەست بە ئارامی دەكەم - ئیدارەكاردنی موڵكەكانم - ئێرە زێدی بابوباپیرانمە - لێرە دین تاعەتیشم باشترە - دوورم لە ژاوەژاوی ئۆردوگا | بەڵێ | نەخێر | شوكر وەزعم زۆر باشە، بەڵام نازانم چەندە |
| 8 | | - چونكە زیاتر هەست بە ئارامی دەكەم - ئیدارەكاردنی موڵكەكانم - ئێرە زێدی بابوباپیرانمە - لێرە دین تاعەتیشم | بەڵێ | نەخێر | ژیانم خۆشە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | باشترە - هەروەها چۆن بەزۆری ڕاگوێزران ویستم لەیەکەمین دەرفەت وەکو پێش ڕاگواستنم لێ بێتەوە | | | |
| 9 | | - چونکە زیاتر هەست بە ئارامی دەکەم - ئیدارەکاردنی موڵکەکانم - ئێرە زێدی بابوباپیرانمە - لێرە دین و تاعەتیشم باشترە - بۆ ئەوەی لەو ئۆردوگایە نەمرم | بەلێ | نەخێر | ژیانم خۆشە. لەگەڵ باخچەکەم خەریکم |
| 10 | | - چونکە زیاتر هەست بە ئارامی دەکەم - ئیدارەکاردنی موڵکەکانم - ئێرە زێدی بابوباپیرانمە - لێرە دین تاعەتیشم باشترە - ئەسڵەن ئەوە هەر پرسیار نیە. کەی زێدی خۆت دونیای بیرەوەرییەکانت بەدیلی دەبێت | بەڵێ | نەخێر | ئێستا هەموو دونیا هی منە |
| 11 | قوتابخانەمان لەگوند نیە | | بەڵێ | نەخێر | باشە |
| 12 | | موڵکم هەیە و کەس نیە ئیدارەی بکات بێجگە لەخۆم | بەڵێ | بەشێ خانوێك بلۆك و جیمەنتۆم وەرگرت | زۆر لەخۆم زیاترە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | منداڵەکان دەخوێنن | بەس هاوینان دێمەوە گوند | بەڵێ | نەخێر | باشە، دەژین |
| 14 | توانام نەماوە و هیچ موڵکیشم لەگوند نەماوە | | نەخێر | نەێر | خانەنشینیم هەیە ٣٠٠ هەزار خۆم و خێزانم |

ئەوەی لەو نەخشەیەدا بەرچاو دەکەوێت، ئەنجامێکی گرنگە و چەند ئاماژەیەکمان دەدەنە دەست:

**یەکەم:** لە **14** کەس **13** کەس خانوویان دروست کردۆتەوە، بەڵام تەنها پێنج کەس هاوکاری حکومەتییان وەرگرتووە بۆ دروستکردنەوەی خانوبەرەی خۆیان. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆئەوەی کە گوندەواری لەدوای ڕاپەڕینیش بێپلان و ستراتیژیەت تێپەڕیوە. ئەوەی گوند بەڕێوە دەبات شارەوانی نیە، بەڵکو ئیرادە و تێگەیشتنی خەڵکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام لەچوارچێوەیەکدا نیە بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی و جوانی و گەشانەوەی وڵات و گوندەواری.

**دووەم:** نیوەیان گەڕاونەتەوە و و هەندێکیش هاوینان دەگەڕێنەوە و زستانانیش دەچنەوە ئۆردوگا. ئەگەر لەو دۆخەی گوندەواری بڕوانین تائەمڕۆش هەڵمەتێکی پێچەوانە نابینین بۆ پەرەپێدانی ژیانی گوند. حکومەت لەگوندەکان هەستی پێناکرێت. بوونی موختار، کە شێوازێکی کۆنی بەڕێوەبردنی سەردەمی عوسمانییەکانە لەگەڵ ژیانی سەردەم و بەیەکەوە بەستنەوەی شار و گوند یەکناگرنەوە. خزمەتگوزارییەکان لەگونددا نین بۆیەشە خەڵك ناتوانێت بگەڕێتەوە چونکە تێگەیشتن بۆژیان گۆڕاوە. بۆیە دەبێ هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك لەگوند هەبێت بۆ ئەوەی خەڵك کێشەیان نەبێت بەتایبەتیش بۆ گەیشتن بە قوتابخانە. ئەگەر ڕۆژانە پاس لەکاتی دیاریکراودا گوند و شار بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئاسانکارییەکی گەورە بۆ گوندەواری دروست دەکات.

**سێیەم:** هەر بۆیەشە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوانەی کە نەگەڕاونەتەوە، قوتابخانەیە و منداڵەکانییان دەخوێنن، یاخود کارییان هەیە و ناتوانن بگەڕێنەوە گوند.

چوارەم: هۆکارێکی دیکەش کە زۆر گرنگە، ئەوانەی نەگەڕاونەتەوە، موڵکییان لەگوندەکەی خۆیان نیە یان نەماوە، هەروەها هەندێکییان تاقەتی کارکردنییان نەماوە. دەبوایە حکومەت پلانێکی وای هەبووایە، ئەوەی حەزی لەگەڕانەوە بوایە، بیتوانیبایە بەلانی کەمەوە دوو دۆنم زەویان بۆدابین بکات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیانکاتەوە بە بەرهەمهێن.

ئەم ئەنجامانە، دڵخۆشکەرن، لەپەیوەندی بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەڵام ڕەخنەی جیددی دیکەش هەن کە لێرەدا بواری باسکردنییان نیە.

**سەبارەت بە جیاوازی نێوان گوند و ئۆردوگا**

جیاوازییەکان، زۆربەی جاران مەرج نیە ماددی بن، زۆرێك لەجیاوازییەکان بەهەستکردن ئامادەگییان هەیە. زانینی جیاوازییەکان بەمەبەستی لەیەکجیاکردنەوەی گوند و ئۆردوگاکان بەمەبەستی ناسینەوەی پاساوەکانی ڕژێمی سەرکوتکەر گرنگن:

**نەخشەی ژمارە (7)**: تایبەت بە جیاوازییەکانی نێوان گوند و ئۆردوگاکان

| ژ | لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی گوند | لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئۆردوگا |
|---|---|---|
| 1 | لە گوند گەورەبووم و رۆحم ئێستاش لەوێ و هەمیشە بۆ ئەوێ لێدەدات | لەئۆردوگا هەمیشە هەستم بە نامۆیی دەکرد |
| 2 | ژیانی گوند، ژیانێکی خۆڕسك و ئاسایی بوو، رۆشت ناگەڕێتەوە. ئێستا دوای ئاوەدانکردنەوەش ئەو تام و چێژەی جارانی نەماوە. هەموو شتێك گۆڕاوە. | لەڕاستیدا ئۆردوگاش هەر دەڤەری خۆمانە و کوردستانە، بەڵام چونکە بەعس ڕایگواستین، ، بەدو دیودا وێرانی کردین: جارێك بەزۆری و بێڕێزکراین. جارێکی دیکەش هەرچی هەمان بوو لەبەرچاوی ئێمە تەقێندرایەوە. ئاخر ئەو شوێنە شوێنی بیرەوەرییەکانمان بوو. ئەوهات بەبەرچاوی ئێمە خاپووری کرد، تا ئەوساتەش لەبەرچاوم لاناچێت. |
| 3 | - وامدەزانی کوری خاکم<br>- ئەو خانووەی لێرە هەمبوو دیوەخان و فراوانی خانووەکە لەئۆردوگا نەمبوو. جگە لەوەی کە لەلادێ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی باشم هەبوو و لەئۆردوگا لەدەستم دا.<br>لەلادێ خێزانم بەرهەمهێن بوو، بەردەوام بەیەکەوە کارمان دەکرد. | - هەمیشە هەست بە کۆچبەری دەکەم<br>بەهیچ جۆرێك چێژ لەژیانی ئێرە وەرناگرم.<br>- ژنەکەم دوای ڕاگواستن، ناچاربوو بکەوێتە ماڵ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی توشی خەمۆکی بێت و هەر دوای دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد.<br>منیش ئەوە بە ڕووستووری ماوم و بەڕۆشتنی ئەو ماڵم وێران بوو |
| 4 | لێرەدا ئاسودەترم بەڵام ژیان قورسترە لەلادێ نەخۆشخانە و قوتابخانەی ناوەندی هەبێت بەسەردانیش ناچمە شار | گەرانەوەم بۆ گوند دەرخستنی جیاوازییەکانە |
| 5 | - لەگوند ئاسودەتر بووم، ئیستاشی لەگەڵدا بێت.<br>- هێشتا تەرحیل نەکرابووین، خێرمان وەخۆگرت و لەسەر پیرەباو ٢٧ سەر ئاژەڵمان کوشتنەوە.<br>- لەو چرکەساتی خێرکردن تەیارە سارۆخەکی بۆڕاوەشاندنین لەشاخی بۆغاوێی دا، بەڵام پێمان نەکەوت و خوا نەجاتی داین.<br>- خوا نەما و بەشەریش نەما ڕەجای لێ | جیاوازییەکە ئەوەیە ئەگەر لێرە رایانگواستینەوە بۆ گوند، نەك هەر خێر ناکەم، یەك پێچە شاییش دەکەم. |

| | | |
|---|---|---|
| | نەكەین هەر سوودی نەبوو. | |
| 6 | هەموو گیانی ژیانی گوند جیاوازە، ڕاستە سەختترە بەڵام خۆشترە لەگوند باوەڕم بەخۆم هەیە و پشتبەخۆم دەبەستم | لە ئۆردوگا هەمیشە ونم. متمانەم بەخۆم نیە هەمیشە لەترسدا دەژیم، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەر هەست بەنامۆیی دەكەم |
| 7 | برام لەگوند موڵك و ماڵی خۆمان هەیە و ئیدارەی دەكەین لەگوند كەس پێم ناڵێ بۆكوێ دەچیت. ئازادم بەمانای وشە. لەگوند هەست بە قورسایی خۆم دەكەم | لە ئۆردوگا بێجگە لەچواردیواری خانوویەك هیچمان نەبوو. خۆژیان تەنها خانوو نیە لە ئۆردوگا بۆكوێ بچم؟ مەگەر بازاڕێكە و تەواو لە ئۆردوگا هەمیشە نامۆم |
| 8 | ئێستا لەگوند بوومەوە بە مرۆڤ | لە ئۆردوگا لەمرۆڤبوون خراین |
| 9 | گوند سەرچاوەی ژیانە | لێرە هەموو ڕۆژێك جارێك و دوان دەمردم |
| 10 | لێرە خاوەن كەرامەتین | لەئۆردوگا ڕۆژانە دەیان....اين. (پێكەنیم): پێمەكەنە كوری خۆم. ئەوە تاكە جیاوازی بوو. ئینجا لەشوێنێك بت...ێن و لەشوێنێكیش ئاسایی بژیت، كامەیان هەڵدەبژێریت؟ |
| 11 | جیاوازی زۆرە. لێرە بەئیرادەی خۆم ژیام و دەژیم | لە كەمپ بە ئیرادەی دوژمنە داگیركەرەكەم. شوێنێك دوژمنم بۆم دیاری بكات، دیارە لەپێناو ئیرادەی ئەوە. بۆیە لەیەكەم دەرفەت گەرامەوە بۆئەوەی ئیرادەی ئەو بەردەوام نەبێت. |
| 12 | كورم، لەگوند بۆخۆم دەژیام و پێویستم بەكەس نەبوو، بۆ كەسیش نەدەژیام | لە ئۆردوگا خەڵك بۆ خەڵك دەژیت، بێجگە لەوەش نەمدەتوانی خۆم بژینم. ئەوە مردەنییە، تا ئەمڕۆش |
| 13 | لە گوند كەس نەبوو ڕێگریم لێبكا | لێرە، تا دوژمن لێرە بوو، ئەو ڕێگر بوو بۆ هەموو شت، ئێستاش تەمەن و ئەو ژینگە پیسەی ئێرە ڕێگرن بۆ زۆر شت |
| 14 | وەڵا چ بڵێم. لەگوند هەستم دەكرد مرۆڤم بەمانای وشە. پیاوی مەزنمان لەدەوروبەر بوون | لە ئۆردوگا مەزنەكان ڕۆشتن و بەزگییان دا. بچووكی وەكو ئێمەش لەناو خەموخەفەتماینەوە و كەوتینە دەست مندارتواران. |

كەواتە، ئەگەر لەكۆی ئەو جیاوازییانە بڕوانین، دەتوانین وەڵامەكان لەچەند چەمكێكدا كورتبكەینەوە، لەوانەش؛ (ژیان و ئازادی و ئارامی) وەكو ئاماژەیەك بۆ ژیانی گوند. لەبەرامبەریشدا (ژێردەستەیی و بێئیرادەیی و نائارامی و نەبوونی ئازادی) ئاماژەن بۆ ئەو ژیانەی كە خەڵك لە ئۆردوگاكان لەسەردەمی ڕژێمی داگیركەردا تێیدا بوون. هەندێك لێرە و لە شوێنی دیكە باس لە موڵكداری دەكەن. موڵكداری فەلسەفەیەكی قوڵی لەپشتە و مرۆڤی خاوەن موڵك زیاتر هەست بە قورسایی و خاوەندارێتی وڵات و زێدی خۆی دەكات لەوانەی بێ موڵكن. ئاماژەیەكی دیكەش لێرەدا گرنگە بەبێ ئەوەی بەشداربووان دەریانبڕیبێت، ئەویش ڕەهەندی گوندە. لەناوبردنی ڕەهەندەكانی

گوندەواری، بەمانای ڕیشەکێشکردن دێت. هەر پێکهاتەیەك ڕەهەندی گوندی نەبێت، مانای وایە پێکهاتەیەکی ڕەسەن نیە، بەمانای ئەوەی خەڵکێکن لەدەرەوە هاتوون و لەشار نیشتەجێ بوون. ئەگەر دیوە نەخوێندراوەکەی وەربگرین، لەشرۆڤەکردنەکەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە حکومەتی عیراق ویستوویەتی پێکهاتەی کورد لەرەهەندە گوندییەکەی داماڵێت و ڕەسەنایەتی لێ بسەنێتەوە.

ئەم ئەنجامانە چەند گرنگن بۆ سەلماندنی ئەو ئەرگومێنتەی کە لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە، هێندەش گرنگن بۆ بەدۆکومێنتکردنی لایەنی زارەکی قوربانییەکان و زانینی ئەو ڕەوشەی کە قوربانییەکان لەسات و کاتی ڕاگواستندا پێیدا تێپەڕبوون لەچوارچێوەی هەلومەرجە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانەوە. وێڕای پیشاندانی مەترسی ڕاگواستن لەسەر دانیشتوانی کورد لە باشووری کوردستان وەکو قۆناغێکی ئامادەکاری و زەمینەسازی بۆ شاڵاوەکانی ئەنفال و تەواوی ئەو هێرشانەی سوپای عێراق دژ بە خەڵکی باشووری کوردستان، ئەنجامی دان.

## بەشی پێنجەم: پوختەی توێژینەوەکە

لە وتێژینەوەیەدا، بەتەواوەتی لەدوو ئاست تێدەگەین. یەکەمییان ئاستی کۆمەڵایەتییە. لەوەڵامەکاندا لەوە تێدەگەین بەشداربووان چەند هەست بە بێناسنامەیی و دابڕان دەکەن. دابڕان لەو بەها و نۆرمانەی کە خەڵك پێشتر لەگوند هەیانبوو و ئەمرۆ بەتەواوەتی لەدەستییان داون. دووەمیشییان ئاستی سایکۆلۆژییە، ئاستێك بۆتە هۆی ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ نەوەی بەئامانجگیراو، کە لەلایەك ڕێژەیەکی کەمییان ماون، ئەوانەش کەماون تا ئەمرۆکەش لەناو ئەو ئازارانەدا دەژین و کەسیش هەستییان پێ ناکات.

لەهەردوو ئاستدا، بەشداربووان، کە تەمەنییان لە ٥٠ ساڵی کەمتر نیە و هەموویان بەچاوی خۆیان ئازار و ئەشکەنجەی ڕاگواستنییان بینیوە و لەناو دۆزەخی ڕاگوستندا ژیاون، بۆخۆیان هاتوونەتە گۆ و وەڵامەکان بەقوڵی ڕەنگدانەوەی لایەنی سایکۆلۆژی بەشداربووانن. وەڵامەکان هەموو ئەو پاساوانە ڕەتدەکەنەوە کە ڕژێمی بەعس بەگوێی خەڵکدا دەیچرپاند و دەیویست بەوە ڕازییان بکات کە لەدۆزەخی گوند و نەبوونی خزمەتگوزاری ڕزگارییان دەکات بۆ بەهەشتی گوندە هاوچەرخەکان. بەڵام کە ئەوخەڵکە بۆخۆی تەعبیر لەواقیعی ڕاگواستن و ژیانی ئۆردوگا زۆرەملێکان دەکات، ئەنجامی تەواو پێچەوانەمان دەکەونە دەست، کە خۆیان لەچوارچێوەی دیاردەی ئانۆمیدا دەبینێتەوە. بەو هۆیەشەوە ڕێژەیەکی زۆر لە پیاوماقوڵانی ئەو گوندانە لەماوەیەکی کورتدا ژیانی خۆیان سپارد.

ئاستی بەراوردکاری نێوان گوند و ئۆردوگاکان، لەلایەن ئەو بەشداربووانە جێگای لەسەر وەستان و سەرسوڕمانە. لەو بەراوردکارییەدا، ڕێژەیەکی زۆری ئەو خەڵکەی کە بۆخۆیان لەگونددا ژیاون، ئەگەر بەیەکجاریش نەگەڕابنەوە، ئەوا خانوویان لەو گوندانە دروست کردۆتەوە، هەرهیچ نەبێت هاوینان دەچنەوە گوند و لەژیانی گوند دانەبڕاون، لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم پلانێکی ئەوتۆی بۆگەڕاندنەوەی خەڵك نەبووە، بێجگە لە بەخشینی هەندێك هاوکاری بۆ دروستکردنەوەی خانوو، بەڵام دەکرا ستراتیژیەتێکی نیشتمانی بۆگەڕانەوە هەبووایە لەچوارچێوەی سازکردنی هەندێك هەلومەرجی تایبەت و دانانی چەند مەرجێکی ورد بۆ سەقامگیربوونی ئەو خەڵکە لە گوندەکان،

وەكو بەشێك لە سیاسەتی بەڕەنگاربوونەوەی پلانەكانی بەعس و سەرنەگرتنییان.

هەروەها، دەرخستنی جیاوازییەكانی نێوان گوند و ئۆردوگاكان لەدەربڕینەكانی بەشداربووواندا، جێگای لەسەروەستانە. ژیانی گوند لەلای بەشداربووان ژیانێكی ئازادانە بووە، بەڵام ژیانی ئۆردوگا ژیانێكی ملكەچانە و پڕلەناخۆشی بووە، بەبێ ئاوارتەكرد. هەموویان لەڕەوشی ناو ئۆردوگاكان نیگەرانبوون و ڕاگوستن وەكو پەڵەیەكی ڕەش لەژیانی خۆیان وەسف دەكەن.

## ئەنجامەكان

یەكەم: ڕاگواستن، لەفۆرمە گشتییەكەیدا، دەكرێت بەراورد بكرێت بە كەمپە زۆرەملێكانی هۆلۆكۆست لە ئەڵمانیا.

دووەم: كێشەكە هەر ڕاگواستن نیە، بەڵكو ڕاگواستن كۆمەڵێك ئاكامی مەترسیداری لێ كەوتنەوە، كە دەكرێت بەشێوەیەكی سەربەخۆ قسەیان لەسەر بكرێت.

سێیەم: ببێتە هەولێك بۆ بە دۆكومێنت كردنی ئەو بوارە، بەتایبەتیش سازكردنی دیدار لەگەڵ شایەدحاڵەكانی ئەو سەردەمە و زانینی دۆخ و هەلومەرجە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەكان.

## پەراوێزەكان

[1] ساڵی ١٩٢٨، هاوڵاتی بەریتانی ئەرچیباڵد هامیلتۆن گەشتێك بۆ كوردستانی عێراق دەكات، دوای ئەوەی داوای لێدەكرێت ڕێگایەك دروست بكات كە باشووری كوردستان بە سنووری ئێرانەوە ببەستێتەوە. دوای تەواوبوون، پڕۆژەكە بە ڕێگای هامیلتۆنەوە ناسرا، كە شاری هەولێر، بەتێپەڕبوون بە قەزای چۆمان، بە حاجی ئۆمەرانەوە دەبەستێتەوە. بەپێی پێومرە ئەندازیارییەكان ئەو ڕێگایە بەیەكێك لە دەستكەوتە گەورەكان دەزانرێت و تا ئەمرۆش یەكێكە لە ڕێگا ستراتیژییە گرنگەكانی ناوچەكە (**Hamilton, A. M., 2004**).

[2] گوندی گرتك لەدوای گوندی ڕۆست، لەو سەردەمەدا زۆرترین چڕی دانیشتوانی لێ بوو و لەڕووی گرنگییەوە بە دووهەمین گوند دادەنرا. ڕێژەی دانیشتوانی خۆی لە زیاتر لە ٢٠٠ ماڵ دەدا و خەڵكەكەی بە كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و پیشەی هەمەجۆر و تائاستێكی سنوورداریش بە بازرگانییەوە خەریك بوون. گەورەترین قوتابخانەی ئاینی لەو گوندەدا هەبوو و ناوچەیەكی تەواو شاخاوییە و دەكەوێتە بنار چیای حەسارڕۆست.

[3] سەبارەت بە قەرەبوو كردنەوەی ئەو خەڵكە ڕاگوێزراوانە. لەوانەیە قەرەبووكردنەوە لەو سەردەمەدا هەندێك لە زامەكانی ئەو خەڵكەی سووك كردبن، بەڵام هەرگیز بەو قەرەبووكردنەوەیە دڵخۆش نەبوون. لەئەنجامی بەدواداچوونمدا كە دیتێڵەكانم لای خۆم پاراستوون، هۆكاری دڵخۆشنەبوونییان لەبەر چەند هۆیەك بوون، لەوانەش: یەكەم: تەواوی پارەكانییان بەئاسانی لەدەست چوو، چونكە ئەزموونییان نەبوو بۆ ئەوەی پارەكە لەپرۆژەی وەبەرهێنان سەرف بكەن. دووەم: خەڵكەكە، هەرگیز بۆ ئەو بڕەپارەیە نەیاندەویست ڕابگوێزرێن و زۆربەیان دەڵێن؛ ئەگەر بەویستی خۆیان بوایە بەرامبەر زێڕی هەموو دونیا بە ڕاگواستن ڕازی نەدەبوون. سێیەم: مەسەلەی ئەو لیژنەیەی كە پێكییان هێنابوو، وەڵامێكی ڕوون بوو بۆ عێراق كە نایانەوێت شوێنی خۆیان جێبێڵن.

[4] ئەوەی جێگای سەرنجە، لەیەكێك لە بڕگەكانی ئەو نامەیەی كە ئەو لیژنەیە ویستوویانە بیدەن بە سەددام حوسێن، بەو جۆرە بووە: (ئێمە ئامادەین جزیە بدەینە حكومەت ئەگەر ڕاگواستنەكە ڕابگرن). ئەم چەمكی (جزیە) دان بە حكومەت، زۆر جێگای سەرنجە. ئەو لیژنەیە ویستوویانە بە حكومەتی عێراق بڵێن؛ تكایە وەكو كافر مامەڵەمان لەگەڵ بكەن و ئامادەین

جزیه بدەین و وازمان لێ بێنن، بەڵام حكومەتی عێراق بەهێچ جۆرێك ڕەزامەندی لەسەر هیچێك لە بڕگەكان دەرنەبڕیوە. نوسخەی ئەو نامەیە لای بەڕێز شەفیقی حاجی خدرە و داوام لێكرد بەڵام مخابن گوتی جارێ نەمدۆزیوەتەوە. باوی كاك شەفیق یەكێك بووە لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە.

[5] زۆر جار ئەو ئەرگومێنتەمان دەكەوێتە بەرگوێ كە دەڵێن: "ئەو ڕاگواستنە قازانجێكی زۆری هەبووە بۆ خەڵكی گوندەكان". ئەم بابەتە لە توێژینەوەیەكی سەربەخۆدا چارەسەر كراوە كە بەهاوبەشی لەگەڵ دكتۆر موراد حەكیم نوسیومانە و لەدەرفەتێكی زوودا تەواودەبێت و هەوڵی بڵاوكردنەوەی دەدەین. ئەوەی كە گرنگە لێرەدا دەریبڕم ئەوەیە؛ ئەو ڕاگواستنە هەم پازدان بوو هەمیش دابڕان. پازدان بوو چونكە خەڵكی گوندەكانی بردە دۆخێك كە بەتەواوەتی نامۆ بوو بەژیان و ئاكار و ڕەفتاری خەڵكەكە. دابڕانیش بوو لە یادەوەری و ڕاهاتنەكانی دەیان ساڵەی دانیشتوانی گوندەكان.

## سەرچاوەكان


- Bell-Fialkoff, A. (2009, January 28). A Brief History of Ethnic Cleansing. Retrieved June 7, 2019, from https://fam.ag/2KwP1x2
- Biddulph, M., Franklin, B., & Tait, M. (2002). Urban Villages. Department of City and Regional Planning, Cardiff University, 78, 8. Copy & Paste | Parenthetical
- Census 2001: concepts and definitions. (2004). Pretoria: Statistics South Africa.
- Copy & Paste | Parenthetical
- Definition of village in English. (2014, February 1). village: definition of village in Oxford dictionary (British & World English). Retrieved January 2, 2014, from http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/village
- Copy & Paste | Parenthetical
- Hamilton, A. M. (2004). Road Through Kurdistan: Travels in Northern Iraq. Tauris Parke Paperbacks.
- Dr A. Hubaib, Dr. N. Sadulla, Dr. A. Sukri, Dr. M. Jawhari & Dr. M. Alhaqlabi (2009). Rural Sociology. Amman. Al-masira Publication
- Högbladh, S. (2011). Peace agreements 1975-2011-Updating the UCDP peace agreement dataset. States in armed conflict, 39.
- Kirmanj, S. (2013) *Identity and nation in Iraq*. Lynne Rienner Publishers.
- Kirmanj, S. (2013) ‘Cleansing the Kurds in Kirkuk province, Anfal-Sirinewei Kurd le Parezgai Kerkuk, (18), pp. 10.
- Morell, I. (2008). Gender regimes, citizen participation and rural restructuring. Amsterdam: Elsevier JAI. Copy & Paste | Parenthetical
- Biddulph, Mike , Bridget Franklin , and Malcolm Tait. "Urban Villages." Department of City and Regional Planning, Cardiff University 78 (2002): 8. Print.
- Census 2001: concepts and definitions. Pretoria: Statistics South Africa, 2004. Print.
- "Definition of village in English." village: definition of village in Oxford dictionary (British & World English). N.p., 1 Feb. 2014. Web. 2 Jan. 2014. http://www.oxforddictionaries.com/definition/english/village
- "IASFM International Association for the Study of Forced Migration." IASFM. N.p., 1 June 2014. Web. 6 Jan. 2014. http://iasfm.org/
- Morell, Ildikó. Gender regimes, citizen participation and rural restructuring. Amsterdam: Elsevier JAI, 2008. Print.
- Mzuri, R. (2011) Anfal, mass murder and psychological effects, al-Anfal, al-qatil al-jama’I wa al-ta’thirat al-nafsiya. Erbil: Minarah Publication.
- Powell, R. (2013). The theoretical concept of the ‘civilising offensive’(Beschavingsoffensief): Notes on its origins and uses. Human Figurations, 2(2).
- "Resources." Social Development. N.p., 1 June 2014. Web. 6 Jan. 2014. http://web.worldbank.org/WBSITE/EXTERNAL/TOPICS/EXTSOCIALDEVELOPMENT/0,,contentMDK:22463823~pagePK:148956~piPK:216618~theSitePK:244363,00.html#what
- UN. (2001, August 2). Krstić (IT-98-33). Retrieved June 7, 2019, from http://www.icty.org/case/krstic/4
- van Krieken, R. (1999) The barbarism of civilization; cultural genocide and the ‘stolen

http://www.forcedmigration.org/about/whatisfm
- Whitehorn A., (2010) The steps and stages of genocide: Genocide is not an accident. Rather, it is premeditated and follows recognizable, 26(3), 16. doi:10.1093/hgs/5.3.337.
- generations. British Journal of Sociology, 50, 2, 297-315.
- "What is forced migration?." — Forced Migration Online. N.p., 1 June 2014. Web. 6 Jan. 2014.

## THE PROCESS OF DISPLACEMENT IN FRAME OF CIVILIZING ATTACK, "ROSTEY VALLEY" AS MODEL

IBRAHIM SADEEQ MALAZADE
Dept. of Sociology, Umiversity of Soran, Kurdistan Region – Iraq

## ABSTRACT

**After 1975 more than four thousand villages with building and agriculture have been destroyed and exploded. The dwellers of all those villages have been moved and displaced from their own lands and collected in observe camps. In purpose aim to control all Kurds economic, sociology and logistics facility, from all sides Baas Regime tried to bound all material and spiritual facility. In those days the head of Iraqi Regime and Baas party was under head of Sunnis minority. From side of and in the reality the "Development North Iraqi" was an enemy process for ending of Kurds political movement and breaks Kurdish people's respect by starting process of Genocide and destroyed Kurds villages in many different ways. For this the Baas Regime implemented political and ideological strategic for the purpose of ending all liberty movement of Kurd's people.**

**In this research we try to close inner case of this process. From an ideological frame of Albert Allies theory named (Civilizing Attack) in aim to show another side of Baas face and behave such as internal colonialist. For this purpose despite Baas documents more than fourteen interview have been done with witness of case. In this times and introduces an argument that Baas Regime uses excuse. In the reality Baas improve the "Project of Development of North Iraq," or this a process of destroyed and damaged North Iraq?**

***KEY WORDS:*** Genocide, Displacement, Civilizing Attack, Baas Regime, Project of Development North Iraq.